فەزیلە ئەلفاروق

# پیتی شەرم

فەزیلە ئەلفاروق

# پیتی شەرم

رۆمان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
سالار عەبدولڕەحمان

MUKIRYANI

٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

- **ڕۆمان**
- **پیتی شەرم**

- **فەزیلە فاروق**
- **وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:** سالار عەبدولڕەحمان
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ:**
- **نرخ:** دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٣
- **تیراژ:** دانە
- **چاپخانەی: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی () ساڵی(٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب ()**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک

لەجیاتی پێشەکی ........................................ ٧
من و تۆ ........................................ ١١
من و پیاوانی خێزانەکەم ........................................ ٢٧
جگە لە (پیت)ێکی پەیوەست، چی دیکە نییە ........................................ ٣٧
یەمینە ........................................ ٤٧
نزای کارەسات........................................ ٥٥
مەرگ و بێداری، شەو بە یەکەوەن و ناخەون........................................ ٦٧
ئەم سەر و سەرکردنی مەرگ........................................ ٧٧
باڵندەکان خۆیان حەشار دەدەن تاوەکو بمرن ........................................ ٨٥

## له جیاتی پێشەکی:

### خوێنەری خۆشەویست..

پێموایە، ئایین  وەکو گوڵستانێکی فرە رەنگە، لەگەڵ ئەوەی گوڵی جۆراوجۆرو بۆن و بەرامەی دڵڕفێنی تێدایە، کە مرۆڤ بەدیتن و هەڵمژینی بەرامەکەی سەرمەست و ئاسوودە دەبێت و ئۆخژنی پێدەبەخشێت، لەلایەکی دیکەش ڕا تڕی چقڵی تیژیشە، کە ئازار بەمرۆڤ دەگەیەنێت و بە چەندین جۆریش بریندارى دەکات.

### ئەی لاوی دلگەرمی ناو کوردەواری..

ئێمەی خەڵکی نێو ئەو ئاووهەوایە، بەچەندین جۆرو شێوە، لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانەدا خاڵی هاوبەشمان هەیە، هیچ بەدووری نازانم و بەراستیش ترسێکی زۆرم

لەوە هەیە، بازرگانانی فرمێسك وخوێن، ئایین (بەتایبەتی سرووشتی زمانی قورئان)، کە گەلێك جاران راڤەولێکدانەوەی زۆرو دژ بەیەکیش بۆ یەك دەق دەکرێت، دەرفەت بێنن و کارەساتی ئاواهاو بگرە گەورەتریش لەوەی نێو ئەو رۆمانە، بەسەر خەڵك و خاکی ئەو نیشتیمانە پڕ درز و بریندار وئازارچەشتووەدا بێنن؟

بۆیە تکاوئاواتم ئەوەیە گەر ناتوانن ژیان بەبێ ئایین بگوزەرێنن و دەشیانەوێت پەیوەست بن پێی، ئەوا لەجیاتی چقڵ و ئازار..بۆنی خۆش و رەنگی جوانی ناو ئەو کتێبە پیرۆزە بکەنە سەرمەشقی خۆیان و نەبنە بەردەبازێك بۆ ئەو کەسانەی نەك یەك روو..بەڵکو هەزار ماسکیان هەیە و بۆ سوودی خۆیان و ئەژێندای لایەنانی دیکەی بێگانە، هەروەکو گوتم بەگیان و شەرەف و ماڵ و موڵك نەبنە بەردەبازێك، تا ئەوان بۆ مەرامەکانیان بەکاریان نەهێنن.

**ئازیزان.. لاوانی ژیری ولاتەکەم..**

بەهیوام ئەو رۆمانە ئەوەندە سوودەی هەبێت، کە بەسەرهاتەکانی ببنە پەندێك تا وڵاتەکەمان لەهەرچی گەمەی ترس وتۆقین و کارەسات و هتد..هەیە بە دوور بێت، ئیتر ئێوەو تەواوی مرۆڤایەتی بە ئاشتی.. دوور لەنەهامەتی و برسییەتی ..بژین بە خۆشی.

**وەرگێڕ**

Toute horreur se pouvait definer))
Tout chagrin connaissait une quelconque fin
Dans la vie, pas de temps a consacrer
((aux longs chagrins

T.S.Eliot

((هەرچی نەهامەتییەك هەیە، دەكرێت دەستنیشان بكرێت
هەرچی خەمێكیش هەیە، بەشێوەیەك لە شێوەكان كۆتایی دێت
لە ژیاندا، كات بەشی ئەوە ناكات، خەمە دوور و درێژەكان بەبەردەوامی لە بەر دیدەماندا بێت)).

ت.س.ئیلیوت

# من و تۆ...

لەوەتەی خێزان.. لەوەتەی داب و نەریت.. لەوەتەی ترس و تۆقین هەیە، هەموو شتێکی من (پیت)*یکی شەرمکردن بوو، هەموو شتێك دەربارەی ئافرەتانی تر (پیت)ێکی شەرمکردن بوو، لەوەتەی ئەو ناوانەی لەگەڵ دوایین پیتی تووشی ساتمەکردن دەبێتەوە

لەوەتەی ئێمە لەدایك دەبین و ئێوەش بەڕوو گرژی و مۆنی پێشوازیمان لێدەکەن، لەوەش ئەولاتر،

لەوەتەی دایکم بە هاوسەرگیرییێکەوە خۆی پەیوەست کردووە، کە تەواو لە هاوسەرگیریش ناچێت.

لەوەتەی سەیرم دەکرد، کەوا هەموو شتێکی تێدا، بە بێدەنگی خامۆش دەبێت و دەمرێت،

---

* لە زمانی عەرەبی و بۆ جوداکردنەوەی نێر و مێ، پیتی (ە) واتە (تاو)ی مێینە (تاو التأنیث) دادەنرێت وەکو (أدیب – أدیبە، سالم – سالمە) هتد..(و)

هەر لەودەمەی وا بۆ نیو سەدە دەچێت، داپیرەم ئیفلیج بووە، بەهۆی ئەو لێدان و کوتینە بەزەبرەی کە شووبراکەی شل و کوتی کرد، خێڵەکەشمان چەپڵەیان بۆ لێدا و یاساش خۆی لێ نەبان کرد.

لە کۆنەوە،

لەوەتەی کەنیزەك و ئافرەتانی دەربار،

لەوەتەی ئەو جەنگانەی بۆ دەستکەوتی زیاتر هەڵدەگیرسان، لەوانەوە... تاوەکو دەگا بەمن، لە شێوازەکانی داپلۆسین و پێشێلکردنی کەرامەتی ژنان بەولاوە، هیچ شتێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

بۆیە گەلێك جار لە مێینەتی خۆم رام کردووە!

زۆر جاری دیکەش لە دەست تۆ رام کردووە ، چونکە بوویتەتە هاومانای ئەو مێیینەتییە.

لەوەتەی لە سەروبەندی چواردە ساڵی دا بووم، کاتێك بە ساف و بێگەردی خۆت ختووکەی هەستەکانمت دەدا. بۆ یەکەمجار کەوتمە نێو دوو دڵییەوە، ئەرێ بەڕاست ئەمن لە ریزی ژنانم، یان لە ریزی پیاوانم؟

بۆچی لە پیاوانی دیکە جیاوازتر بووی؟

هەر لەبەر ئەوەی تۆش کوڕی ژنێك بوویت، ئەمەشیان گوتەی خەڵکی گەڕەك بوو؟

یان لە پێناوی مندا خۆت جیاواز کرد؟

لەو رۆژگارە زووەدا، لە جوانترین چیرۆکی خۆشەویستیدا ژیام،
زۆربەی جاریش کە لەگەڵ تۆدا دەبووم، توندو تیژی پیاوانم لەبیر دەچۆوە،
وەلێ ئەو توندوتیژییە شوورەیەکی بە دڕك داڵە و دەورەی داوی!

ئەریٚ بەڕاست.. ئەو هەڵچوونانەت وەبیر دێتەوە، ئەو دەمانەی من و تۆ وێکڕا دەبووین؟ ئەریٚ بەڕاست.. نیگایە گەرم و گوڕەکانمانت دێتەوە بیر؟
ئەریٚ بەڕاست.. جوانترین ئەو ساڵانەت دێتەوە یاد کە بەیەکەوە بەسەرمان برد؟

چۆن چۆنیش ئەو دڕکستانەمان لە دوای بەکەلۆریا جیٚ هێشت؟ تۆ بەرەو پایتەخت و منیش بەرەو قسەنتینە سەفەرم کرد. ئەویٚ رۆژیٚ نەمدەزانی خۆم داوەتە دەست چارەنووسێك، رێگەکانی لەگەڵ هی تۆ جیاواز بوو.
قسەنتینەم وەك یەکیٚ لە جوانترین هۆنراوەکان کەوتە بەرچاو،
شارێکی دڵخواز و لەبەردڵاّن بوو.
دەربارەی پایتەخت بۆت دەنووسیم، دەبارەی شێتایەتیەکانی، هەراوهۆریاکانی، دەربارەی برادەران و ژینگەی گەڕەکی زانکۆیی لە (بن عەکنون)، پاشان باسی دەریات بۆ دەکردم، پێتدەگوتم پایتەخت تامی سوێری دەدات و بۆنیشی وەکو بۆنی سندوقێکی لە دار درووستکراوی شێدار وایە، هەروەها رقت لە مەیخانەکانیش دەبۆوە. ئاریسیشت بە باغ و باغات و هەوا چیاییە پاکژەکەی بەبیردەهاتەوە، منیش دەربارەی قسەنتینە و دار سنەوبەرەکان و شانۆ، دەربارەی ئێزگە و تەلەفزیۆن و ئاهەنگەکانی هاوین و شەوانی رەمەزان و گریانی زستان، دەربارەی سەمای تەمتومانی سەر پردەکان و دڵخۆشی شەقامەکان بەمالوف* قسەم بۆ دەکردی.

کەوتبوومە داوی ئەڤینداریی ئەو شارە و نەمزانیبوو کەوا ((شارێکە نە دەتگرێتە باوەش و نە وازیشت لیٚ دێنیٚ))**

* مالوف: شێوەیەکی گۆرانی گوتنە کە تایبەت بە شاری قستەنتینەیە.
** ئەمە دەربڕینێکی مراد بوکرزازەی نووسەری جەزائیریە.

شارێکە بە هەقایەتان دەچێت، هەروەکو ئەو ژنانە وایە کە بە ئازار مینرێژکراون، هەروەکو کەنیزەك و ژنانی دەربار وایە، هەروەکو کەمانجەیەکیشە، کە واز لە گریەو زاری ناهێنیێ.

هەروەك کەمانجەیەك وایە. لەبەردەم کەمانجەیەکی خەوبینینیشدا، بێجگە لە خەوبینین، بێجگە لە نووسین، ناتوانین هیچ شتێکی دیکە بکەین، هەربۆیە گەلێك نامەم بۆ نووسیوویت، تژی نووسین ببووم، رەنگە منیش هەروەکو ((گی دی کار)) وتوویەتی  ژن بووم و ((ژنیش عاشقی گێڕانەوەیە، چونکە لە بەرامبەر (بێدەنگی تەنیا بوون)دا بەرگری پێدەکات)). هەراو هۆریای نووسین تەلبەندەکانی ناخ دەپچڕێنێت و وام لێدەکات بخزێمە نێو خۆپێشاندانێکی گەورەوپڕحەشامات، کە بانگەشەی بۆ ژیان دەکرد.

لە قسەنتینە هەموو شتێك جوانە، تەنها خۆشەویستی نەبێ، کە پڕ لە ئازارە!
گاوێ لە یەکتری دابڕاین هاوین داهاتبوو.
هەمیشە لە هاویندا خەڵکی بەیەك دەگەن و لە یەکتریش دادەبڕێن.

لە پێناوی ئیشکردن دا خۆت ئامادە دەکرد بۆ (حاسی مەسعود)* بڕۆیت، دەتەویست دیاریەکی گرانبەهام بۆ بکڕی، کە شایانی رۆژی لەدایك بوونم بێ، بەوەها کارێك سەرسامم کردی، کە چاوەڕێت نەدەکرد: دیاریەکەم دەست لێبەردانت بوو!؟

لە زانکۆدا ژیانمان بووە گۆڕەپانێك و هاوڕێیان گوزەریان پێدا دەکرد، بەڕادەیەك خاوەنی دڵ و دەروونێکی باش بووی، کە بەرگەی ئەوەم نەدەگرت، تا بەم رۆژەش دەگات، ئەمن ژنێکم وەها دەژییم هەروەکو ئەوەی کارێکی نهێنی بێت و بەسەر

---

* شارێکە لە بیابانی جەزائیریە، بە غازی سرووشتی و بیرە نەوت دەوڵەمەندە.

پۆشێکی ئەستوور دایدەپۆشم، کە بەدەگمەن تەبێت تیشك دزە ناکاتە ناوییەوە، نەمدەزانی خۆم خستۆتە نێو بێ هیوایێکی گەلێ مەحکەم و کلۆمدراوە.

لە دوای تۆ.. جیهان کەمێك لەسەر ڕێڕەوی خۆی لای دا، لە جاران گەلێك سەختتر بوو.

هەروەها پیاوانیش لە دوای تۆ گەلێك دلڕەقتر بوون، مێینە بوون بە کارەسات ڕەباس بوو!؟

لە دوای تۆ و لە پاشی سی ساڵان دا، ئەو ڕێچکانەی بەرەو ژیان دەچوون، قوڕو لیتاوی بوون. ڕۆژگاریش ئازار بەخشتر بوو.

ڕەنگە بپرسی: چ شتێك وای لێکردم ئەوڕۆ بگەڕێمەوە لای تۆ؟

منیش وەڵامت دەدەمەوە: ڕەنگە ئیمان بێت، چونکە شەرم دەکەم قسە و باس دەربارەی خۆشەویستی بکەم، لەکاتێکدا وڵات ڕۆژانە ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست دەدات! کاتێك تەرمەکان ڕەت دەبن، خۆشەویستی کردن زۆر بە ئازار دەبێت، بەزۆر لاقەکردنەکان** پیسی دەکەن و بۆسۆی مێینە سووتاوەکانیش پڕی دەکەن.

گاڤێك تەواوی ئازارەکانت بۆ باس بکەم.. تێمدەگەیت.

ڕەنگە لێشم حاڵی نەبیت، کەچی دەشێ مەهانەیەکم بۆ ئەو ڕۆیشتنەی خۆم دۆزیبێتەوە.

ئیدی هەموو شتێك شین هەڵگەڕاو و گەورەتربوو، لەوانە کارکردنم وپەیوەندیم لەگەڵ خەڵکی و تەنانەت پەیوەندیم لەگەڵ نووسینیش دا، کە ئیدی مەلەکردن تیایاندا مەحاڵ بوو.

---

** بەزۆر لاقەکردن: ئەتك کردن، ناموس بردن، بەعەرەبیەکەی (الاغتصاب)ە (و) .

من هەوێنی مێینەیەك بووم و لەبەر بارودۆخەکەش مێینەتیم  تەواو نەخەملی.
پڕۆژەی کەسێك بووم،خوازیاربووم ببمە نووسەر، ئەوکاتە پێی گەیشتم کە مرۆڤێکم تا هەتایێ لەدەستدا، پڕۆژەی ژیانێك بووم، جگە لە یەك لەسەر دەی چیترم لێ بەدی نەهێنا.

وەختێك منداڵ بووم، گوێم لێبوو پوورە کەلسووم دەیچپیاندە بناگوێی پوورە تونس، کەوا کەسێکی ((سووك)) * م، بۆیەش لەگەڵ پیاوانی خێزانەکەمان تووشی دەردی سەری دەبم، وەلێ پوورە تونس بە هەندی هەڵنەگرت، پڕیدایە مەنجەڵی کەسکاسیەکە و لەسەر سینیەکی دارین سەرەونخوونی کرد، کەسکاسەکە هەڵمی لێ هەڵدەستا، هەرچەندە گەرمیش بوو، بەڵام  بە دەستەکانی هەڵی دەپشاوت، پێموابوو باس و خواسەکەی لەبیرچۆتەوە، کەچی لەسەرەخۆ گوتی:

- هێشتا منداڵە.

بەڵام پوورە کەلسووم پێداگیری لێکرد:

- ئەو لە کچەکانی دیکەمان جیاوازترە!؟

راستیەکەی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ کچەکانی دیکەی خێزانەکەمان ئەمن جیاوازییێکم نەبوو، بەڵکو دایکم بوو کە جیاواز بوو.

دەی کەواتە با دەربارەی دایکم قسەت بۆ بکەم، کەسێکی باڵابەرز و جوان بوو، هەر تەنها  منیشی ببوو، جگە لەوە، ئەو سەر بە تۆرەمەی بەنی مەقران نەبوو، لە دەرەوەی بازنەی ئەوانەوە هاتبوو، باوکم لە قوتابخانەی رەبەنان ناسیبووی، یەکتریان خۆشویستبوو، لەبەر هەندێ باوکم (جەوهەرە)ی کچە مامی خۆی تەڵاق دابوو و دایکمی خواستبووز

پاشان تەواوی ژنانی خێزانەکە بە فرت و فێڵەکانیان، تۆڵەی خۆیان لە دایکم دەکردەوە، بە هەر شێوەیەك بووایە سزایان دەدا، لەبەر ئەوەی بەرامبەر بە یەکێکیان خراپەی نواند بوو.

هەر تەنها پوورە تونس نەبێ، ئەو خۆشی دەویست، تەواوی ژنانی خێزانەکەش نەیاندەتوانی لە بەردەمی، بە خراپە باسی دایکم بکەن.

بەڵام گوێم لێیان دەبوو، زۆرجاران لە گۆشە تاریکەکان خۆم حەشاردەدا، دزەم دەکردە ژووری نووستنیان، کە منداڵان هەرگیز بۆیان نەبوو سەری پێدا بکەن، لەژێر تەختەی نووستنیان خۆم دەشاردەوە و گوێم لێدەگرتن.

---

[*]سووك..واتە بێ رەوشت، حەیشەری (و).

تا باسی ئەو خانووەی سەردەمی منداڵیم، کە چۆن چۆنی تێیدا دەژیایین.. نەکەم، لەو شتانە ناگەی، ئەندازەی دروستکردن و شێوازی ژیان تێیدا، نهێنییەکە لە نهێنییەکانی پێکهاتە و یاخیبوونم.

خانووێکی دوو نهۆمییە و لە شازدە ژوور و گۆڕەپانێکی گەورە پێکهاتووە، کە بە شوورەیەکی بەرز دەورە دراوە و پێی دەگووترێت ((حەوشە)).

بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەو خانووە دەچووم،

چونکە تائێستایشی لەگەڵدا بێت،وەکو ئەو بەسەرناوەوەدا کلۆم دراوم،

بە شوورەیەکی بەرز و چەندین داروبار خۆم دەورە داوە، ژوورەکەشم هەروەکو ژوورەکانی تری ماڵەکە بەیەك دەچن، لێوان لێوی شتی شاراوە و نهێنییە، تژی ئازارە، لە هەر ژوورێکیش مێینەیەکی لێیە لەوانی دیکە ناچێ...

هەندێ خوو و خدەم چۆتەوەسەر پوورە تونس
هەروەها هەندێکیشم بە لەللەعیشە دەچێت
گەلێك شتیشم لەزەهیەی دایکم دەچێت،
چەندین شتیشم دەچێتەوەسەر ئەوانی دیکە.

لەنێو ئەو ماڵەدا سیدی ئیبراهیم پیاوی هەرە بە دەستەڵاتە، مەلای مزگەوت و پیاوێکی ئایینی و مێردی پوورە تونسە. وەجاغ کوێرن، ژنانی خێزانەکەمان دەڵێن گرفت لە پوورە تونسە، بەو حاڵەشڕا ژنی بەسەر نەهێناوە، تا ئەوپەڕیشی قەناعەتم بەوە هەبوو، ئەوان بە چەشنی رەبەنان دەژیان، بۆیە منداڵیان نەدەبوو. وەهام دەهاتە بەرچاو، کە ئەو هەر بەو هەیبەت و پیریەیەوە لە دایك بووە، سەختە ئەوەت بێتە بەرچاو پیاوێکی خاوەن ئەو هەموو دەستەڵاتە رۆژێك لە رۆژان منداڵ بوو بێت!؟ یان کەسێکە سێکس دەکات. زۆرم خۆش دەویست، ئەو رۆژگارانەی رابردن، سەرەڕای ئەوەی تەڵخن، بەڵام هێشتاش خۆشم دەوێن.

سەبارەت بە ماڵەکەشمان، سەبارەت بە دار هەنار و گوێزەکان، یان ((کەپرەکە))، هەروەها حاجی لەقلەق و پەڕەسێلکە و کۆترەکان، بەڕاستی باسکردنیان دڵ دەتوێنێتەوە.

ئەوانە جێڕاوگەی منداڵیەتی و هەراش بوونمن، لەگەڵ شوورەی دواوە و ئەو پەنجەرە ئاسنینە شیشە بەندەی بەسەر لایەکەی دیکەی ئاریس دەیڕوانی.. لەمیانەی ئەو شیشانەوە

ئالەیّ، ماڵەکەشت ئالەوێ دایە، لە قووڵایی دڵدایە...

چاوەکانم لێکدەنێم، ماڵەکە هەروەکو بەلەمێك بێت چارەنووس بەرەو ناخی ئاژۆتبێ وایە، ماڵەکە لەلای سەرچاوەی ترپەکانی دڵەوە دەوەستێت، دەرگاکەی

بەخێرایی دەکرێتەوە و ئەو کوڕە ڕەشتاڵەیەی ژانتاکەی لەکۆڵ ناوە، لێی دێتە دەرەوە و دەڵێت:

- ئەورۆ دواکەوتی؟

وەڵامی دەدەمەوە: دەبێ ڕاکەین تا پتر دوانەکەوین. ڕادەکەین و پەڕی ساڵەکانیش بە هەواوە پەرش و بڵاو دەبنەوە، تا لەلای سی ساڵیدا دەوەستێت.

ئەرێ تا بە ئەورۆ دەگا، دەبێ کات چەندە دواکەوتبێ، بۆ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە، دەزوولەکانی ئەو چیرۆکە هەڵکەمەوە کەبەخۆم دروستم کرد و بەدەستی خۆشم کۆتاییم پێیهێنا.

لە ئەنجامی ئەو بڕیارە کت و پڕەی کە دابووم جێت بهێڵم، دەبووایە بەرەو رووی یەکتری ببووینایەتەوە، دەبووایە پرسیارت لێم بکردایە، بەدوام بکەوتبای، داوای روونکردنەوەت بکردبایە، داوای لێبووردنت لە بەرامبەر هەڵەیەك بکردبوایە کە هەستت نەکردووە ئەنجامت دابێت..!! وەلێ تۆ پیاوێکی لەکەلوی (گا)ی، لە خۆشویستن دا بەخشندەی و لە داوای لێبووردنکردنیش قرچۆك.

سۆزی رابردوو بە یەك تەوژم هورژم بۆ ژوورەکەم دێنێ، سەیرم کرد وا بە رابردووەوە دەورە دراوم، لە زانکۆ بووین، پڕووشە بەفری مانگی شوباتیش بەرگی بووکینی دەکردەبەر قسەنتینە.

لەسەر کورسییەکی بەردین لە تەك یەك دانیشتین، لە ترسی سەرما شانمان وێکدا، پەنجەکانیشمان لێك گیر بوون و هەمدیسانیش چیرۆکەکە دووبارە دەبۆوە.

تا هەنووکەش ئەوەم لەبیرە کە چەندە دەستەکانی تۆ و قۆقزی نینۆکەکانت و ئەو کێڵگانەی لەناو لەپی دەستت چرۆیان دەکرد.. خۆشم دەویستن.

یادداشتنامەیەکت لە گیرفانت دەرهێنا و ئەو بەروارەت تێدا نووسی:
- ئەورۆ چواردەی شوباتە.
دەستم درێژکرد و یادداشتنامەکەم لێوەرگرتی، گەلێك جوان بوو، لێتم پرسی:
- ئەریٚ ئەو یاداشتنامەیەت لە کویٚ بوو، بەڕاستی جوانە؟
ناوی ((یاداشتنامەی جوانی)) بوو، شتێکی داهێنەرانە و نویٚ بوو، بە گوڵ و ڕێگەی ئاسایی نەخشێنرابوو، بەسەر کەلو و مانگ و رۆژ و جەژن و هێماکان دابەشکرابوو.

بەخێرایی پەڕەکانم هەڵدایەوە و لە پەڕەی چواردەی شوبات وەستام.

بە چاوێك کە منداڵیەتی تژی کرد بوو، ئەوەم خوێندەوە:
- جەژنی ئەڤینداران.

بەخۆشەویستییەوە نیگاکانمان لێك گیر بوون، ئەویٚ جاریٚ و بۆ یەکەم چەل بوو ئەو جەژنە ببیستین. هەڵستامەوە و باوەشم بە بارانەوە کرد.

کەچی تۆ لە جێگەی خۆت سەکنای و لەمن ورد دەبوویەوە، بیلبیلەی چاوەکانت نوێژیان دەکرد و برژانگەکانیشت لە سوجدە بردنێکی درێژخایەن نقووم دەبوون، لێت نزیك بوومەوە و بەچرپە پێم گوتیت:
- چیتە؟

لەگەڵ ئەوەی روخسارمت بە دەستەوە گرت، لە نوێژەکەی خۆت هەر بەردەوام بووی، وەڵامت دایەوە:

- ئەتۆ لێرەی.. ئەوەش تاکە ئەو شتەیە کە لە ژیانمدا دەمەوێت.

پاشان بۆچی باران خیانەتی لێکردم؟

ئەریٚ لەبەر ئەوەی لە تۆرەمەی بەنی مەقرانم، لەو ماڵەی لێوان لێوی شکست خواردووی کلۆمدراو و تروسکەی ساختەیە، یان مێینەیەکم ناخم پڕاو پڕی گریٚ و گۆڵە؟

دێتەوە یادم رۆژیٚ لە قوتابخانە گەڕامەوە و دایکمم لە ماڵەوە نەبینی، دابەزیمە خوارەوە و چوومە لای پوورە تونس و لێیم پرسی، کەچی پوورە کەلسووم هەر لەسەرەوەڕا هاواری کردمیٚ، چونکە بەیەکەوە لە نهۆمی سەرەوە دەژیاین:

- دایکت رۆیشتووە و ناشگەڕێتەوە! (پاشان فێڵبازانە خەنیەوە)، بەڵام پوورە تونس هەی دێی لێکرد، لە تووڕەییەکەی (پوورە تونس) را درکم بە شتێکی ناخۆش کرد. ئەویٚ شەویٚ لەلای ئەو و لە تەنیشتی (لەللەعیشە) نووستم، تەواوی شەوەکەیش قژە لە خەنەنراوەکەی کەللەی پڕ کردم. بۆ بەیانیەکەی دایکم گەڕایەوە و خاڵم (ئەلسەبتی)یشی لەگەڵدا بوو. لەگەڵ سیدی ئیبراهیم و لە ژووری میوانان، قاوەیەکیان خواردەوە و پاشان رۆیشت، بەڵام دایکم هەر بێدەنگ بوو و منیش هەستم بە گریانەکەی کرد کە تا بینەقاقای هاتبوو، بەڵام لەبەر خاتری من خۆی بۆ راگیرا.

لەویٚ رۆژێوە و هەفتانە هەر تەنها جارێك.. دووان ، باوکم وەدیار دەکەوت، پاشان زانیم ژنێکی دیکەی هێناوە، کە توانای ئەوەی هەیە منداڵی کوڕی بۆبهێنیٚ، مادام دایکم ئەو کارەی بۆ نەدەکرا!!

ئەو قسانەم لە پوورە کەلسووم بیست، کە لە هەموو ژنەکانی دیکەی خێزانەکەمان پتر رقی لە دایکم بوو، منیشی بە ((لەقلەق)) ناودەبرد، چونکە هەروەکو دایکم باریکەڵە و خاوەنی دوو قاچی درێژ بووم.

لە گفتوگۆی نێوانیان بە پوورە نوونەی گوت:

- ئەگەر ((ئەلسەبتی)) نەبووایە، ئەوا عەبدولحەفیز تەلاقی دەدا و لە کۆڵی ئێمەش دەبۆوە .

منیش ئەوەی بیستم بۆ دایکم گێڕایەوە، چونکە دڵی پڕ ببوو، چووە گژیان و هاواری کردنێ:

- هێ ێ ی ئەنگۆ.. زمانی هەردووکتان دەبڕم هاااا، نە عەبدولحەفیز تەلاقم دەدات و نە منیش لەو ماڵە دەڕۆم. ئەوێ شەوێ مامم بو بەکر چاکی لە پوورە نونە هەڵدا و سیدی ئیبراهیمیش زۆر تووڕە بوو، بەڵام دایکم پێکەنی.

رۆژی پاشی، سیدی ئیبراهیم گوێچکەی گرتم و گەلێکیشی ئێشاند، دوایی بردمیە ژووری میوانان و دەرگاکەشی لە دوای خۆی داخست، لەبەر چاوم ژوورەکە بچووك بۆوە و بووە ژووری لە سێدارەدان. لێم نزیك کەوتەوە، خەریك بوو لووتە باریکەکەی بەر لووتم بکەوێت، کەمێکی لێ دوورکەوتمەوە و دەشلەرزیم، پەنجەی شایەتمانی بەرەوچاوم بەرزکردەوە و گوتی:

- ئەوەی بەهۆی تۆوە دوێنێ رووی دا، نامەوێ دووبارە ببێتەوە، نامەوێت وەکو ژنانی خێزانەکە بیت ، دەمەوێ وەکو تونس بیت، ئەوەت لاگرنگە (ئاماژەی بە لووتی خۆی کرد)* .

لەو رۆژەوە وازم لەوە هێنا ئەوەی دەیبیستم بۆ دایکمی بگێڕمەوە، بەڵام هەرگیز وازم لەو ئارەزووەم نەهێنا، بە نهێنی گوێ لە هەموویان بگرم!

* * *

---

* لە کۆمەڵگەی جەزائیریدا لووت هێمای کەرامەتە.

حەزم دەکرد هەمووکات لەگەڵ خەلیل و یونس یاری بکەم، تەمەنیان لەتەمەنی من نزیك بوو، لەگەڵ کەمێك هەراش بوونیان.. خۆیان لێم دووردەخستەوە، مامەم بوبەکریش رقی لەوە دەبۆوە لەگەڵیاندا بمبینێت، ئامادە نەبوونی بابیشمی بە هۆکارێك دادەنا بۆ ((خراپ بوونم))، زۆر جاران گوێم لیَ دەبوو باسی دەکردم، وەك ئەوەی بووبمە سەرچاوەی گشت کێشەکانی جیهان. هەرچی سیدی ئیبراهیم بوو زۆری خۆش دەویستم، توانایەکی سەیرم هەبوو بە پێکەنینی بهێنم، جگە لەوەش هەروەکو کوڕانی خێزانەکەمان لە قوتابخانە زۆر زیرەك و باش بووم، بەڵام پوورە (کەلسووم) و پوورە (نونە) بۆچوونێکی دیکەیان بۆ ئەو سەرکەوتنە هەبوو. دەیانگوت سیدی ئیبراهیم نووشتەیەکی نووسیوە، تا کوڕەکان لە قوتابخانە سەر بکەون، دانەیەکی دیکەشی نووسیووە تا کچۆڵەکان ببنە کەیبانووی ماڵ. سەبارەت بە منیش دەیانگوت لەمە چێتری هەیە، بۆیەش لەوانی دیکە جیاوازم، تەنانەت پرکێشی ئەوەشیان کرد بڵێن زەهیەی دایکم مەبەستییەتی بمکاتە کوڕیژگەیەك، (لەللەعیشە)ش بە تەنها نیگا تێبڕینێك دەمکوتی کردن.

(لەللە عیشە) بە جۆرێکی دیکە دەستەڵاتی هەبوو، لەبەر ئەوەی ژنە شەهید بوو، مانگانەیەکی هەبوو، سەرەڕای ئەمەش کۆزە دار خورمایەکی لە(مشونش) ** و زەوی و زاریشی لە دەوروبەری((ئاریس)) *** لە مێردەکەیەوە بە میرات بۆ بەجێمابوو. ساڵانە پارەیەکی باشی بۆ دەستەبەر دەکرد، ئەوەش خێزانی بەنی مەقرانی ناچار دەکرد، کە ڕێزی بگرن و لە زۆر کاروباریش گویَ لە بۆچوونەکانی بگرن.

---

** شارێکە لە باشووری جەزائیریە.

*** شارێکی نێو چیاکانی ئەوراسە.

دێتەوە یادم کاتێ خەیرەی کچی مامە حوسێنم مارەکرا، گوتی کوڕەم بەدڵ نییە، لەبەر ئەو بۆچوونەی ، تەواوی خێزانەکەش پەسەندیان نەکرد.

بەڵام بە تێڕوانینی من ((لەلله عیشە)) ژنێکی جەربەزە بوو، دەگەڵ پیاوان دادەنیشت و باس و خواسی سیاسیشی لەگەڵ دەکردن، رۆژێکیان پێی گوتم، لە سەردەمی شۆڕش ئەو یەکەمین ژن بوو، بوو بێتە ئەندامی حیزب و ((چوار دورو))*یشی وەکو ئابوونە دابوو.

چەندین چەل هێڤی ئەوەم دەخواست کوڕبام یا وەکو ((لەلله عیشە)) بام. ئەوێ رۆژێ ئەو پەندە ژاپۆنیەم نەدەزانی، کە دەڵێ : ((خۆت لەوە بە دوور بگرە کە حەزت لێیەتی))، تەماشات کرد منێك، کە لەو تەمەنە بچووکەم و لەبەردەمتدام، رەفتارە هاودژ و هەستە ناجێگیرەکانی خۆم خستبووە بەردەم خۆشەویستییە بەتین و تاوەکەت.

تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت نەگۆڕاوم، بە چەشنی دەریا خۆشم دەوێی. بەردەوام لێتم دەپرسی:

- ئەرێ چ دەکەی گەر هاتوو لە یەکتری دابڕاین؟
- لە یەکتری دانابڕێین.
- دەڵێم ئەگەر...
- ئەتۆ شێتی!
- باشە بۆچی هەموو گریمانەکان لەبەر چاو نەگرین؟
- بەڵام بۆ دەبێ ئەوانە لەبەرچاو بگرین؟
- چونکە ئەو شتە دەمترسێنێت؟
- کەواتە بیر لەوە مەکەوە کە دەتترسێنێت.
- ئەگەر ئەوە رووی دا، کەسێکی دیکەت خۆشدەوێت؟

---

* کە بەئەسکەناسی ئێستای جەزائیری دەکاتە (٢٠) سەنتیم.

لاوازی لە چاوەکانت نەما و قسەکردنیشت بەرگی هەڕەشەئامێزی کردەبەر:

- بێجگە لە تۆ کەسێکی دیکەم خۆش ناوێت، کە دەشمرم، داوا لە خودا دەکەم لەجیاتی حۆری و پەریان ئەتۆم بە نسیب بکات.

غرووریێك گرتمی و لە تریقەی پێکەنینیشمدا:

- هەی گەمژە، لەبەر من دەستبەرداری حۆریش دەبی؟ ئەمن کرێتم، بە گوتەی پوورە کەلسووم بیّ من بە لەقلەق دەچم.

-دەسا باخەلّکی بزانن، ئەگەرتۆ جوان بیت یان کرێت،ئەوا بە ژنانی دیکە ناچیت.

- بەڕاست؟

ئەو کات دەستت بە شیعراندن کرد:

- ئەتۆ بوونەوەرێکی ناتوانم وەسفت بکەم، لەنێو هەموو ئەو سترانانەدای کە خۆشم دەوێن، بە رەنگی سرووشت خۆت تیف تیفە دەدەی، لەنێو گولّ و گولّزاردای، لە چەشنی باڵی پەپوولەی، لەنێو تاڵە شەرمنەکانی کازێوەی، ئەتۆ لەناو گشت شتێك دای کە لە دەوروبەر و وجووددا بوونی هەبێت..

خۆشم لەو قسانە هات، کە دەتکردن:

- بۆچی ئەوقسانەت نانووسیتەوە، خۆ تۆ بەهرەیەکی شاعیریت تێدا هەیە.

- نا، ئەوانە هەر تەنها تایبەت بەتۆن!

کە بۆ ماڵێ دەگەڕامەوە، بە قسەکانت لێوان لێو دەبووم، خێرا وانەکانم دەور دەکردنەوە، وامدەنواند کە خەوالّووم، تا دووبارە و بە چاوی نووقاوەوە خەونی پێوە ببینمەوە.

بەڵام هەندێك جار، گریانە بێدەنگەکەی دایکم، یا ناکۆکییەکانی کچانی خێزانەکەمان، نائارامیان دەکردم، ئەوەی لە هەمووی زیاتری دەهری دەکردم و مێشکی لە کەللە نەدەهێشتم، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆی هەینی بوو، ئێمەی ژنان دەبووایە چاوەڕێی گەڕانەوەی پیاوان لە خوتبە بکەین، وەختێك ئەوان لە خواردنەکەیان دەبوونەوە، ئەوجار نۆرەی ئێمە دەهات! هەموومان لەلای پووره تونس گرد دەبووینەوە، بەڕاستی رقم لەو نەریتە بوو، کە ئێمەی بە پلەیەکی نزمتر دادەنا.

لەوە پەست دەبووم، سیدی ئیبراهیم سوڵتانانە دانیشتووە و مامەکانم و منداڵەکانیشیان دەست و پێوەندی گویَ لە مستی ئەون و لەسەر سفرە گەورەکەدا و لە ژووری میوانان دادەنیشتن، چاوەڕێ بوون ئێمە خزمەتیان بکەین. ژنان لە ناندین دەمانەوەو خواردنیان تێدەکرد، ئێمەی کچۆڵانیش بۆماندەبردن، بۆیەش هەموو هەینیەك توشی سەرئێشەدەبووم و خۆم نەخۆش دەخست، لەنێو باغەکە یان لەسەر پلیکانەکانی سەربان خۆم دەدزیەوە، ئەوەش سەرەتای یاخی بوون و بەرەنگاری کردنی خێزانەکەمان بوو.

*        *        *

# من و پیاوانی خێزانەکەمان

گەلێك جاری تریش پێم گوتووی ئاریس جاڕزکەرە، پیاوانی جاڕزن، ژنانی زۆر بلێن و منداڵەکانیشی ترسناکن! گەلێك جاریش ئەوەم بۆ روونکردۆتەوە، بەڵام لێم حاڵی نەبووی...

شەوەکەی چۆل و پەست بوو، باغەکەش لەنێو بێزاری دەخنکا،
ئەمنیش بەرامبەر شوورەی دواوە وەستاوم و لە ماڵەکەت ورددەبمەوە.
گلۆپەکانی ژوورەکەت زووتر دایساوەن.

دیمەنی ناخۆشی بووك گواستنەوەکەی دوێنێ، کە ئامادەی ببووم، تا ئێستاکە برینێکە و یادەوەری جێ نەهێشتووم...

زاوا لە ژوورەکەی دەرچوو و ئارەقاویش ببوو، ژنان هوروژمیان کردە سەر بووك، بووك دەگریا! گوێم لێبوو دەیانگوت: زاوا هیچی پێنەکراوە!

دایکی زاوا گریا.. پشتی کاتژمێرێك شێخێك پەیدا بوو، بووك و کەس و کارەکەی دا لایەك و کەمێکیش لەگەڵیاندا مایەوە و پاشان ڕۆیشت.

زاوا هەمدیسان تێهەڵچۆوە، دوای کەمێك.. محەمەد هاتەوە دەرێ. بەر لەوەی وەدەرکەوێ، ژنان لە دەرگەی ژوورەکەیاندا، یەکێکیان بەبێ شەرمکردن گوتی: ((یالڵا دەی..)).

ئەرێ چ وازوو و بە چەند خولەکێك ئەو کارەی کرد؟

تێنەگەیشتم، بەڵام کاتێك کراسی بووکم بە خوێنی سوورەوەبوو دیت، قێزم هاتەوە.

ژنان دەستیان بە هەلهەلە لێدان کرد، بووکیش پاکیزەیی دەنواند...

چەندە ناشیرینە یەکێك لە ئێمە بووك بێت!

سوهامی کچە مامم لێم نزیك کەوتەوە و ورتە ورتێکی بۆ کردم:

- بینیت، بووك ((پارێزراو))* بوو.

وەڵامیم نەدایەوە، رقم لە خۆم هەستا، رقم لە دیمەنی ژنەکان بۆوە، گەڕامەوە ماڵێ و هەوڵم دا ئەو زەماوەندە لەبیر بکەم.

ئەو جۆرە سرووتە لەناو خێزانەکەی ئێمەدا شتێکی نامۆ بوو، ئێمە لە ژنانی دیکە گەلێك جیاواز بووین.

---

* پارێزراو- کوتانێکی سەر رانی کچان، وێردی لەسەر دەخوێندرێت، مەبەست لێی پارێزگاری کردنە تاوەکو کچ بە زۆر لاقە نەکرێت (اغتصاب) ئەوەش لەلای زۆرێك گوندنیشنی جەزائیری باوە، رەنگە کاریگەری سایکۆلۆژی هەبێ.

یان ئەمن وەهای بۆدەچووم.

شنەیەکی فێنك هەڵی کرد،
گڵۆپەکانی ژوورەکەت کوژاندەوە،
دڵم کوژایەوە، ماشێنێك تیژ تێپەڕی، ئاوازێکی بە هەراو هۆریای لێ بەرز بۆوە، چاوەکانم لێك نان، لەپڕ تاسەی تۆم کرد، بەڵام دەنگێك شیرازەی بیرکردنەوەکانمی پساند:
- بۆچی ئەو شوێنەت خوش دەوێت؟

ئاوڕم دایەوە، یاسینی کوڕە مامم بوو.
- چییە، سیخوڕیم بەسەر دەکەی؟
چاوەکانی گڕ گڕ دەسووتان، وەڵامی دامەوە:
- بەڵێ!

تێی گەیشتم دەیەوێ شتێکم پێ بڵێ:
- چیت دەوێ؟
تووشی شۆکی کردم:
- ئەتۆم دەوێ!
لێی دوورکەوتمەوە.
بە دوامکەوت...

لە دواوە را گرتمی، خۆم لێ راپسکاند و بەسەریمدا قیژاند:
- لەو خوایەم دەوێ جارێکی دیکە دەستم لێ بدەی...
لەو دەوروبەرانە سەگێك حەپاندی.

یاسین بە بنی زاری پێخەنی:

- هەی بێ نامووس، نەسرەددینت پێ لەمن چاکترە؟

زللەیەکم تێ سرەواند و رام کرد.

ڕۆژی پاشتر لەسەر پلیکانەکان بینیم، بەهێمنی رایگرتم و گوتی:

- بە گوێم بکە، دەنا رسوات دەکەم.

((کەڵەگا))* یانە و بە پێکەنینەوە سەیریم کرد و گوتم:

- هەرچی لەدەستت دێ درێغی لێمەکە.

هەمیسان بەخووە کەم و کورتیەکەیەوە وەڵامی دایەوە:

- کەست دەست نەکەوت نەسرەددینی کوڕی مەسعود نەبێ؟

وەڵامیم دایەوە:

- هەر هیچ نەبێ لە تۆ پاك و خاوێنترە.

بەڕاستیش پاك و خاوێن بوو، لە هەموو شتێکیشی زیاتر بە پاك و خاوێنیەکەی سەرسام بووم، جودا لەوەش، هەناوی رەش و پیسی پیاوان**، یانی پیسی بەنی مەقرانی یەکان نەبوو، پیسی بەنی مەقران شتێکی دیکە بوو، وەکو ئەوەی شەوێك مامم بوبەکر بە تووڕەییەوە هاتە لای باوکم، بە تەنها و لە ژووری میوانان لەگەڵی دانیشت، پێی گوت:

---

* دەربڕینێکی جەزائیریانەیە، واتە بێمنەتم، هەرچی نەتکردووە.. بیکە (و).

** مەبەست دەروونی پیس و خراپە (و).

- هەرچی کچانی زانکۆ هەن بە سکپڕی دەگەڕێنەوە ماڵە باوانیان، چاوەڕێ دەکەی تا ئەو شەرم و شوورەییەت بەسەربێنێ؟

باوکیشم بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:
- برایەتیمان تا ئێرەیە و ئیدی تەواو دەبێت.
- کوڕە پیاو بە، چەندین جار لەگەڵ نەسرەددینی کوڕی مەسعودەیان دیوە.

وەکو بڵێی باوکم بیەوێ بەرگریم لێ بکات:
- بەڵام کوڕەکانی مەسعودە ها وا لە پایتەخت دان...

مامە زۆرزانەکەشم قسەکەی پێ دەبڕێ:
- بەتایبەتی لە پایتەختەوە بۆ بینینی ئەو دێت.

لە بانێژەکە وەلاکەوتم و چوومە ژووری دانیشتن، دایکم سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، لە تەکی دانیشتم و بە تەوسەوە پێکەنیم:
- ئەو گەوادە، نەخۆی و نە پوورە کەلسووم لە تەڵە دانانەوە بۆ خەڵکی بێزار نابن؟
- هەروەکو جاران خۆت لێ گرتوون؟
- لەو ماڵەدا هیچ شتێکم لێ ناشاردرێتەوە.

ترس لە روخساری دایکم نیشت، چاوەکانی لە قیژە خنکێنراوەکەی سنگی زیاتریان گوت، قسەکردنی لێ تۆرا، پەنجەکانی بە دوای شوێن دڵی گەڕان تا هێوری بکەنەوە.
- کچم، پیاوانی خێزان تێك و پێکت دەشکێنن!

- باشە.. دەیبینن کاممان تێك دەشکێین، من یان ئەوان؟

ئەوەم پێگوت و وتەکەی ((گی دی کار))یشم لەبەرچاوە کە دەڵێت: ((لەبەرامبەر پیاوێکدا بەرەو رووی هەرچی خراپەکاری هەیە دەبینەوە)) چ جای ئەوەی بەرەو رووی بابم، مامەکانم و گەنجەکانی خێزانەکەم ببمەوە؟

تاکە شتێك پشتی پێ ببەستم و تێك نەشکێندرێت: ((خۆشەویستی باوکم بۆ زانست بوو)).

لەبەر ئەو هۆیە دڵنیا بووم هەر زوو شەڕ و گێچەڵەکەمان کۆتایی پێ دێت، هەر ئاوەهاش دەرچوو. وەلێ سیدی ئیبراهیم کە بەو بەزمەی زانیبوو، پێشنیازێکی دیکەی کردبوو، پێی باش بوو یا لە مەحموود یانیش لە ئەحمەد مارە بکرێم، نەشمدەزانی ئەو پێشنیازە کچۆڵەکانی بەنی مەقران دەورووژێنێت و دەبمە بنێشتەخۆشەی قسە و باسیان، بەڵام ئەمن گوێم نەدایێ، ژانتاکەم لە کۆڵ ناو بۆ قسەنتینە گەڕامەوە، تا هەواڵی گیرانی مەحموودم بۆ نەهات ئەمن هەر لەوێ مامەوە، سەرەڕای ئەوەی ریشی دەتاشی و کراسیشی لەبەر نەدەکرد، کەچی لەنێو رێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی چالاکی دەنواند، هەرچی ئەحمەدیش بوو، لەپڕ هاتە زانکۆ، زۆر جیاواز بوو لەو ئەحمەدەی لە ماڵەوە دەمناسی، بوێرییێکی وای لەنێو چاوەکانی دابوو، پێشتر وەهام نەدیتبوو، پێی گوتم:

- دەبێ ئەوە رەت بکەینەوە، ئەوان بڕیار لە سەر چارەنووسمان بدەن.

تێگەیشتم مەبەستی لە باسی زەواجکردنەکە بوو، تێم گەیاند:

- ئەمن رەتم کردۆتەوە.

- ئەتۆ رات کردووە، لەوێ.. لە ماڵەوەماندا بڕیارەکەیان داوە، بێگومان نازانی لە دوای گیرانی مەحموود چی رووی دا، هەر هەمووومان ئیفادەمان لێ وەرگیرا، رەنگە

لەژێر چاودێریکردندا بین، هەندێك دەڵێن لەوانەیە تۆمەتمان بۆ هەڵبەستن، بەتایبەتیش لە دوای ئەوەی لە کۆڵێتی مریشکان چەکی حەشاردراویان دۆزییەوە، سەبارەت بە خۆشم، برادەرێك لە زانکۆی ((گرۆنۆبل)) ناوی تۆمارکردووم و لە دوای مانگێك یان دوو مانگی تر سەفەر دەکەم، هەوڵدەدەم بەر لەوەی وەرزی خوێندن دەست پێ بکات کارێك بدۆزمەوە...

قسەم پێ بڕی:

- شتێکی گەلێك جوانە، دەی گرفتەکەی لە کوێ دایە؟

بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

- گرفتەکە لەوەدایە، هەموویان بڕیاریان داوە، بەر لەوەی سەفەر بکەم زەواجەکە بکەین.

تووشی شۆك بووم، بەڵام بە خێرایی بیرم کردەوە:

- ئەدی ((لەللەعیشە)) چ دەڵێت؟

- ئەو دەیەوێت سوعدا یان رەیحانەم بدەنێ و بۆمنیش هیچ جیاوازیەکیان نیە.

پێکەنیم...

بەر لەوەی هیچ بڵێم قسەی پێ بڕیم:

- پێتوایە کەسایەتیم نییە بۆیە پێم پێدەکەنی، بەڵام بڕوات هەبێ هەر کچێکی بەنی مەقران ملیۆن جار لە کچی خەڵکی باشترە، کەرنەڤاڵی محەمەد ئەلشەریفت لەبیرچوو؟

مەبەستم ژنهێنانی کوڕەکەی دراوسێمان بوو، کە چوو بووم، وەکو هەر مێینەیەکی ئاسایی بەبێ تێفکرین لێم پرسی:

- کەواتە بۆچی ئەمن رەتدەکەیتەوە؟

تاوێك سەرنجی دام پاشان گووتی:
- چونکە نەسرەددین هاوڕێمە!

هەر ئەو دەم قسەنتینە گریا، بێدەنگی لە خۆی لوول دام، رابردووش وەك فرمێسکێکی سوێر داباری، چاوەکانی تۆش لە نێو ئاسماندا مەلەیان دەکرد، منیش کۆلارەیەکی کاغەزین بووم و تەڕ بوون کە شەنگی کردبووم.
- دەبا لەبەر باران خۆمان بدزینەوە.
ئەحمەد وەهای گووت، بەڵام وەڵامیم نەدایەوە.

بارانەکە زۆر لەوە جوانتر بوو، ئێمە لەبەری راکەین، زۆر لەوە درەوشاوەتر بوو بەجێی بهێڵین، بارانەکە پیاوێکی وروژێنەر بوو، دەیزانی پەنجەکانی چۆن دادەنێ، لێوەکانی بۆ کوێ دێنێ، چۆن مێینایەتی دەگرێتە خۆی، چۆنی لەباوەش دەگرێت، چۆن چۆنی دەیلاوێنێتەوە، بە چ جۆرێك دەگاتە ئەوپەڕی نەشئەوەرگرتن. بەڕاستی ئەو رۆژە رۆژێکی خۆش بوو، بەبێ ئەم لاو ئەولا خۆشترین رۆژ بوو، کاتێك ئەحمەد ماڵئاوایی کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدام لەگەڵت بدوێت، دووبارە پەیوەندیە درز تێکەوتووەکەمان بژێنێتەوە...
ترسام:

هەمیشە حەزم دەکرد ئەو بۆشاییە لە نێوانماندا هەبێ، بۆشایی بۆ یەکتر سووتان و پەنجە لە یەکتری نەدان، بۆشایی پاکیزە یی.

بەڵام دەشمویست ئازارت بدەم، هەم تۆ و هەم خۆیشم تووشی شڵەژان بکەم، تا ئەوپەڕی سادیست بووم.

دەمەویست ئەحمەد رابگرم، داوای لێ بکەم ئەو باسەت لەگەڵ نەکاتەوە،
بەڵام ئەوەباران بارینەکەبوو...
بەڵام ئەوە قسەنتینەبوو.

باران فشاری بۆ هێنام، پردەکان ((ئاھ)) یان لێ بەرز بۆوە، کۆترەکان بەرەو تەمتوومان لە شەققەی باڵیان دا... گردەکەی زانکۆش موچڕکەی پێداهات.

پەنجەکانی باران بەر کلێنجەم کەوت، وەهام خەیاڵکرد، وا لەبەردەمم دای و هۆنراوەی چاوەکانتم بۆ دەخوێنیتەوە شنەیەکی سارد هەڵیکرد، قسەنتینە گوێی بەوە نەدا، چی پۆشاکی دیکەی لەبەر بوو دایکەند، دەستی بە خۆشوشتن و خۆ تامەزرۆ کردن کرد.
وام هەست کرد پەنجەکانت لەسەر لێوەکانم دادەنێیت، داوای ماچێکم لێ دەکەی، لەبەر هەراو زەنای باڵەخانەی ئاداب و دوورکەوتنەوەم لە باران نەبا، خەریك بوو ماچت بکەم.

* * *

# جگە لە ((پیت))* ێکی پەیوەست، چی دیکە نییە

شەولە سەرەتایدا بوو، کەچی دەرەوە لە پرخەی خەوێکی قووڵدا نقووم ببوو، ترسیش خەڵکی لەسەر جۆرێکی نوێی ژیان.. راهێنابوو.

زوو پەردەکان دادەدەمەوە، تاخۆم لە سەیرکردنی ئەو هەموو زارەترەك چوونە ببوێرم کە شەوانە شەقامەکان پڕدەکات.

وەهام بە خەیاڵ دادێ، رووناکیەکان لەبەر ئەوەی تەنها ماونەتەوە، لەبەر ترس و تۆقینیان.. دەلەرزن!! ئاسمانیش (ئایەت) ان دەخوێنێت.

خۆم دەدەمە دەست کاغەزەکانم تا بە جۆرێکی دیکەی جیاواز بژیم، دەنووسم.. بۆ ئەوەی رۆبچمە نێو کووچە و کۆڵانە تاریکەکانی یادەوەری، لەئاستی تۆدا دەوەستم، دەزانم بازم بەسەر تەمەنی لەبیرچوونی تۆ داوە، وەفا نواندن لە بەرامبەری تۆدا بۆتە

* مەبەستی ((تا التأنیت)) تائی مێینەیە کە لە زمانی عەرەبیدا نێر و مێی پێ جیادەکرێتەوە.

کارێکی ئەخلاقی و سنووری دڵی بڕیوە. کە دەزانم تۆ لە شوێنێکی هەڵەدایت، لە ڕەوتی پێچەوانەی ئارەزوو و خەونەکانم دایت... ئەوەیان پەستم دەکات.

ئەوەش پەستم دەکات، کە ئێمە هەردووکمان سەر بە هەمان دەوروبەرە چیایە سەختەکە بووین، کە بە چاوێکی گوماناویەوە سەیری خۆشەویستی دەکەن، تەنانەت هاوڕێیەکانیشمان ئەو پەیوەندییەی ئێمەیان ڕەت دەکردەوە.

ئەوڕۆ دانی پێدادەنێم، تا سەر ئێسقان لاواز بووم، لەبەر ئەوەی شەرم ماندووی کردم و نەمتوانی بەخۆشەویستەکەت بەرەنگاری هەموان ببمەوە، بۆیە لەبەرت هەلاتم..!؟

نەتدەزانی چۆن لەگەڵ ئەو هاودژیانەم دەژیام، منێکی زیرەك لەگوێ هەڵخستن و بە بایەخی بوونم ڕووبەڕووی بەنی مەقران دەبوومەوە، بینیت چۆن دەستەوەستان مام لە کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیەی کە پەیوەندی بە ڕەفتاری کۆن و کەڵەکەبوو هەیە، ئەویش خۆشەویستی و سێکس تێکەڵ بە یەکتری دەکات.

کاتێك دەربارەی هاوسەرگیریکردن قسەت دەکرد، بێ دەنگ دەبووم!؟

ئەتۆش بێ دەنگ دەبووی، چونکە بەشداری گفتوگۆکەم نەدەکرد. حەزم لە بێ دەنگیەکەت دەکرد و ئەو قسانەی دەتکردن.. لە بیرم دەچۆوە! بەهۆی سۆزەی لە ناخمدا هەبوو، زێدەڕەویم لە خوێندنەوەی بێ دەنگیەکەت دەکرد. ئەوا ئێستاش دەیبینی هەر تەنها ئەو بێدەنگییەی خۆشمدەویست ..کۆمان دەکاتەوە.

ملم لەکاری ڕۆژنامەگەری نا، چوومە ریزی ڕۆژنامەی ((الرأی الاخر))** ی ئۆپۆزسیۆنەوە، کە تێکەڵەیەك لە ئیسلامی و دیموکراتی و عەلمانیەکان بوون.

** واتە بۆچوونێکی دیکە.

هەرچەندە بەشێکیان لەگەڵ ژنان تەوقەیان دەکرد، بەڵام هەندێکیدیکەش هەبوون تەوقەیان نەدەکرد، سەرباری ئەوەش لەگەڵ یەکدی تەبابووین، ئەمەیان ئەو کاتە بوو بەر لەوەی قووڵبوونەوەی جیاوازیەکانی نێوان پارتەکان دەست پێ بکات، پەتاکەی گەیشتە ئێمەش، بووینە دامەزراوەیەکی دوژمنکارانە و ئۆفیسەکانیشمان گۆڕەپانی جەنگ بوون!؟

وەختێك شەپۆلی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان گەیشتە چڵەپۆپەی، هەموومان لەوە حاڵی بووین، مادام پەرتەوازەین، ئەو دەرگە ئاسنینەی بارەگای رۆژنامەکەی پێ دادەخەین.. نامانپارێزێت.

وابزانم وردە وردە پاڵپشتی یەکتریمان کرد، کاتێك دووکەسمان لێ کوژران، چەند کەسانێکیشمان بەرەو فەرەنسا و لەندەن و هەندێك وڵاتانی عەرەبی رایان کرد، یەکێکیش بەرەو چیا رای کرد و پەیوەندی بەو تاقمەوە کرد کە چەکی هەڵگرتبوو.

*　*　*

ئەو ساڵانەی  مەرگ فێری ئەوەیان کردم ژیان چ بێ عەقڵییێکە!؟
گەرەکم بوو لەو ماوەیەی سوور* هەڵگەڕابوو بۆ لای تۆ هانام بهێنایە.

زۆرم بیر لە تۆ دەکردەوە، بەخۆشم دەگووت ئەگەر بیرت لەمن بکردبایەوە، ئەوا لێت دەپرسیم، خۆت دەتزانی تەواوی رۆژنامەنووسان لەناو ئاگر دەژیان.

گلەییەکی زۆرم لێکردی، چەندین جار لە دەقە بڵاوکراوەکانی خۆمدا دەمدواندی، بەڵام رەنگە نەتخوێندبنەوە. ئەرێ رێی تێدەچێ ئەو هەموو گڕکانەی لەدڵتدا بوو، خامۆش بێ و رۆژگاریش هەڵیلووشێت؟

---

* مەبەستی بەخوێن سوور هەڵگەڕاوە، واتە کوشت و کوشتاری زۆر بوو (و).

ڕەنگە پیاوان بەم جۆرە بن!
ڕێگەیەکی سەیریان بۆ خۆشەویستکردن هەیە.
دادگاییت ناکەم، هەر تەنها درێژە بە گێڕانەوەکەم دەدەم.

بەڕاستی پێتدەڵێم کە ئەندامەکانی جەستەم تێکەڵی یەکتری بوون و کەی گڕکانی ناخم بە تین و تاو کڵپەی سەند و نەخشەی هەستەکانمیان گۆڕی.

## ساڵی شوورەیی...

ساڵی (١٩٩٤) بوو کە کوژرانی (١٥١) ژن و ڕفاندنی (١٢) ژنی ناوچەی لادێیی کەم دەرامەتی تێدا ڕوویدا.

لە ساڵی (١٩٩٥)یشەوە ڕفاندن و بەزۆر لاقەکردن بووە ستراتیژیەتێکی شەڕکردن، کۆمەڵەی ئیسلامی چەکدار (GIA) لە بەیانی ژمارە (٢٨)ی (٣٠)ی نیسان ڕایگەیاند بازنەی شەڕکردنی فراوان کردووە. ((لە پێناوی سەرکەوتن.. لە پێناوی شەڕەف، ژنەکانیان بکوژن، لە هەر جێگەیەك بێت ژنی ئەوانە بکوژن کە شەڕمان لەگەڵدا دەکەن، لە هەموو ئەو جێگەیانەی دەستمان بۆ شەڕەفی خەڵکەکەی نەبردووە و ژنانی (...)یشمان دادگایی نەکردووە، بە کوشتنی دایك و خوشك و کچانی ئەو زەندیقانەش بازنەی سەرکەوتنەکانمان فراوانتر دەکەین، کە لەژێر یەك بنمیچ لەگەڵیان دەژین و پەناگەیان بۆ دابین دەکەن...))[١].

هەر لە و ساڵەدا(٥٥٠)حاڵەتی بە زۆر لاقەکردنی(کچ وژنان)کەتەمەنیان لەنیوان(١٣)تا(٤٠)ساڵی دا بوو تۆمارکراوە.

---

١- هەواڵنامەی هەفتانە (الخبر الاسبوعی) ژمارە (٧٥) لە ٩ تا ١٥ ئابی ساڵی (٢٠٠٠).

لەسایەی یاسای بێدەنگی دا، بەشێوەیەك كە جێگەی سەرنجدانە ژمارەكان گۆڕانكاریان بەسەرداهات. لە نێوان (١٩٩٤-١٩٩٧) (١٠١٣) ژن بوونە قوربانی بەزۆر لاقەكردن، سەرباری دوو هەزار ژنی دیكەش لەوەتەی ساڵی (١٩٩٧). هەندێك باس لەوە دەكەن، كە ژمارەكە لە پێنج هەزار حاڵەتیش زیاترە، كەسێكیش نییە ژمارەی دروستی لەلا بێت، دەستەڵاتیش وەكو قوربانییەكان دەچێتە ژێر سایەی هەمان یاسای بێدەنگی.

ئەو ساڵانە بە دوای یەكدی داهاتن و زیندانەكەی منی دروست كرد، كە خۆم چاوەڕێم نەدەكرد، زیندانێكی تاكە كەسی لەنێو وڵاتێكی پڕ لە تەلبەند.

چیتر شوورەكانی خێزانەكەمان باڵندەی سەربەستی لە ناخمدا تیخ تیخە نەدەدا، تاوەكو رابكەم، تەواوی وڵات ئەو ئارەزووەی تێدا درووژاندم، منیش وەكو ملیۆنان لاو ئاواتەخوازی سەفەرێك بووین، مۆتەكە خەوی لێ نەزڕاندباین، پلانی راكردنم دەدانا.

دەمەوێت شنەیەك هەڵمژم بۆنی بەزۆر لاقەكردنی تێدا نەبێت.

*          *          *

لەگەڵ تێپەڕینی هەر دارە بازەیەك قسەنتینە ناچارت دەكات وەكو رێزگرتنێك بە پێوە رابوەستی، بۆیە لەگەڵ تێپەڕینی یەكەم جەنازە بە پێوە رادەوەستی پاشان جەنازەی دووەمیش...

پاشان جەنازەی سێیەمین.. رێگاكە دەبڕم،

گوتەیەكی ((لەللە عیشە)م دێتەوە یاد:

((کاتێ ساڵی نوێ بەڕۆژی دووشەممە دەست پێ بکات، مەرگی لاوان زۆر دەبێت، کاتێکیش بە رۆژی سێ شەممە دەست پێ بکات، مەرگی پیر و پەککەوتەکان زۆر دەبێ، ئەو دەمەی بە رۆژی چوارشەممە دەست پێ بکات (پارە) دەمرێت).

مەبەستیشی لەوەیە کە مرۆڤ هەرچیەکی لە مەڕ و بزن و چێڵ هەبێت، نایەتەوە یادم ئەوێ ساڵێ بە رۆژی دووشەممە دەستی پێکردبێ، بەڵام لە یادمە خەم و خەفەت خۆی خزاندبووە نێو لۆچەکانی سەر تەوێڵ و ترسیش لەناو چاوەکان، دەریایەك بوو لەناو بێدەنگی دا.

بێدەنگی شەقامەکان ترسناکە و خەڵکیش بە پاوە وەستاون، جەنازە بە سەوز داپۆشراوەکانیش بەرەو دوا مەنزڵگە دەبردرێن.
هەمدیسان رۆژانی شۆڕش گەڕاوەتەوە، مردووەکان لە هەموو شوێنێکدان، گۆڕەکانیش بە چەشنی چایەخانەیان لێهاتووە، رۆژانە خەڵکی لە جارێك زیاتر سەردانیان دەکەن.

لەسەعات سێ و نیو دەگەمە شانۆ، ((کەنزە)) بە زوو دەرکەوتنەکەی روو بە رووم دێتەوە و پێمدەڵێ:
- لام وابوو نایەی؟
- ئەوا هاتم.

کە بە لێژاییەکەدا شۆڕ دەبینەوە، کەمێك بێ دەنگی لە خۆی لوول داین، ماچکردنێکی ناو پۆستەری فیلمێکی سینەمایی سەرنجی راکێشام، لەنێو دیمەنی بێ کارەکانی (گەڕەکی سویقە)، کە تۆز و گەرد نیشتۆتە سەر روخساریان، زۆر نارێك دەهاتە بەرچاو و لە قێزلێبوونەوەش زیاتر شایان بوو.

بەناو ئەو هەموو بۆن و بەرامە و دەنگە دەنگانەدا رەتبووین، بەسەر پردی سیدی راشد پیاسەمان کرد.ژنێك بە عەبایەکی رەشەوە سەرنجی راکێشاین و وەستاین، شووشە بۆنێکی دەرهێنا و مەزاری ((سیدی راشد))ی پیاو چاکی ژێر پردەکەی گولاو پژێن کرد، بە ورتە ورتێکەوە ویردێکی خوێند، ئارەزووی قسەکردنی تێدا بزواندین..

- کەنزە گوتی: بەستەزمانە.

- ئەو لە ئێمە حاڵی باشترە، هەر ئەوەندەی بەسە گولاو پرژێنی مەزارەکە بکا، تا هەست بە ئارامی بکات.. بەڵام چ کەسێك دەتوانێ دەروونی ئێمە ئارام بکاتەوە؟

- بۆ بەخۆم چارەسەرێکم دۆزیوەتەوە، شانۆ بەجێ دەهێڵم، شوو دەکەم و پاشان دەچمەوە ((سەکیکدە))[٢]، کە ناوچەی خۆمانە.

- چاوەڕێی هەموو شتێکی کت و پڕ بووم، تەنها ئەوە نەبێ!

- خالیدە گەر شانۆ بەجێ بێڵم، پێی پەست دەبی؟

- کەنزە ئەتۆ کەسێکی خاوەن بەهرەی.

- لەوانەیە وابێ، بەڵام لەم وڵاتە نا!

- هەر تەنها لەلای ئێمە، بەر لەوەی بەهرە هونەریەکان بپشکوێن، وازدەهێنن!؟

- پێنج ساڵە تەواوی کات و توانا و هزر و هۆشم بە شانۆ بەخشیوە، ئەرێ هیچی پێشکەش کردووم، لەلایەن منداڵە ورتکەوە بەرد باران دەکرێم، هەمان ئەو جەماوەرەی شەوانە و لە دوای نمایشکردن چەپڵەم بۆ لێدەدەن، بە رۆژ بە قەحپەم دادەنێن، دەی ئەتۆ پێتوایە لەسەر ئەو شێوازەی ژیانم بەردەوام دەبم؟

لە دوای دوو رۆژ و لە شانۆدا چاوم بە کەنزەکەوت، رووناکییەکان رووی لەسەر تەختەکە بوو، لە گۆشەیەکیش کە رووناکی نەیدەگرتەوە، زۆر بە سوێ دەگریا و پاشان رۆیشت، لەو

---

٢- شارێکی جەزائیریە و لەسەر کەناری رۆژهەڵاتە.

کاتیەوە نەمبینیەوە. هەروەك زۆربەی خەڵکی لە شارە گەورەکان رایان دەکرد، چونکە ئەو شارانە بریندارێکەر و ترسناك ببوون و دەگەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەویش گەڕایەوە سەکیکدە، هەروەکو بیروبۆچوونی هیندی و بەربەریەکان گەڕایەوە ((یەکەم هەوار و نشینگەی[3] خۆی))، پێموابوو لە شووکردنەکەی بەختەوەر بووە، لە دوای چەند مانگێك نامەیەکی بۆ ناردم، باسی ئەو زیندانەی بۆ دەکردم، کە خۆی هەڵی بژاردبوو، خەریك بوو باسی تۆ و خۆشویستنەکەتی بۆ بکەم، کە بەشێوەی پیرەدار بەڕوویەك رەگی لە هەناوم داکوتیوە، هەروەها باسی نهێنییە جوانەکەمی بۆ بکەم، کە وام لێدەکات هەم لە نووسین و هەم لە ژیانیش بەردەوام بم، بەڵام وازم لەو بیرۆکەیە هێنا، کارتێکم بۆ نارد وێنەی پردی ((سیدی مسەییەد))ی لەسەر بوو، لەگەڵ تەنها یەك وشە: ((خۆڕاگر بە)).

خەریك بوو بەسەرهاتی ((کەنزە)) ئەوکم توند بگریّ! بەڵام لەوەش خراپتر بەسەرهاتی ((ریمە نەججاڕ)) بوو، ئەو کچێکی هەشت ساڵان بوو و خۆی لەسەر پردی ((سیدی مسەییەد)) فڕێدابووە خواریّ!؟ بڕوام نەکرد منداڵانیش خۆیان بکوژن، بۆیە بەدواداچوونم بۆ ئەو باسەکرد، دوای ئەوەی وردەکارییەکان گەلێك ئەولاو ئەم لای پێکردم، بۆم روون بۆوە کە باوکی بەخۆی کچەکەی لەسەر پردەکەوە فڕێداوەتە خوارەوە!؟ئیتر خەڵکی بەزۆر لاقەکردنەکانیان لەیاد کرد و بیریان لەبەسەرهاتی ریمە دەکردەوە!!

گوتی: لەدەست شەرم و شوورەیی دەربازم کرد.
چونکە بەزۆر لاقەکرا بوو.

---

٣- لە عەرەبییەکەی (مّدّفّن سرّّتها)، لە کوردییەکەی مانای دەقاو دەقمان نییە، هەر ئەوەم بە باش زانی. (و)

پیاوێکی چل ساڵی لاقەی کردبوو، کە کەسێکی کورتە بنەو قەمبوور بوو، دانیشتووی هەمان گەڕەك بوو و دوکانێکی بچووکی بۆ فرۆشتنی شیرینی و بسکویت و بنێشت هەبوو.

گوتی کچۆڵەکە چووبووە لای تا شیرینی بکڕێت، پێی گوتبوو بەخۆی لەسەر رەفەیەك هەڵی بگرێت، دەرگەی لەسەر داخستبوو و پەلاماری دابوو، هات و هاواریشی بە هیچ کەسێك نەگەیشتبوو، وەرشەیەکی بچووکی جفتکردنی رێگەوبانیش لە هەمان کۆڵاندا هەبوو، تەواوی هات و هاوار و داوای یارمەتیکردنی ئەوی کپ کردبوو. وردەکارییەکانی کێشەکەش مایەی پێکەنین بوون، لەبەر لێهاتوویی پارێزەرەکەی، قەمبوورەکە بە دە ساڵان[٤] بڕیاری بەندکردنی درا.

بۆ شەوەکەی و کاتێ کورتە چیرۆکێکم دەربارەی کچێك دەنووسی بە ریمە دەچوو و پاڵەوانەکەشی بەخۆم و تێیدا باسی دڕندایەتیەکانی ژیانم دەکرد.. گەلێك گریام.

پاڵەوانە رۆشنبیرەکەمم مراند، خۆشەویستەکەیشیم جێ هێشت تا لەگەڵ زستاندا بەیەکەوە بگرین. تەواو بە ((گی دی کار)) دەچووم. کە بە گریانەوە دەرۆیشتە لای ژنەکەی و ئەویش دەیپرسی: ((کامە پاڵەوانت مردووە؟)). ئەوێ شەوێ ئەسرینەکانم بە خوڕ داباریین، چونکە پاڵەوانەکەم بە تەنیا لە نێو چوار دیواران بەجێیهێشتووم، کە پێشووتر و بۆ چەندین شەوی درێژ شەونخوونی لەگەڵ دەکردم، لێدەگەڕا گوێ قوڵاخی[٥] لەسەر خۆی و خۆشەویستەکەی بکەم. مانگەشەوێك لەناکاو خۆی وەها نیشاندام، هەر زۆر لە نەسرەددین دەچوو، لێم پرسی: ((بۆچی شێوەت لەو دەکا؟)) یادەوەری وەڵامی دامەوە:

((خۆشەویستییەکان هەمیشە لە یەکتری دەچن))!

---

٤- ماددەی (٣٣٦) لە یاسای سزادانی جەزائیری تایبەت بە نامووس بردن.

٥- وام بە باشزانی ( گوێ قوڵاخی) بەرامبەر (تنصت)ی عەرەبی دابنێم. (و)

ئەویٚ شەویٚ پەنجەرەکانم بەسەر گۆڕەپانێك لە خەونەکانم والآکرد، لەگەڵ پەیوەست بوونم بە گوتەیەکی فاتیمە مەرنیسیەوە، بەرەو ئەویٚ بازم دا: ((بۆ ئەوانەی دەرەقەتی دەستەڵات نایەن، خەونبینین شتێکی گرنگە)).

هەروەکو خۆتی، لەسەر ئەو ڕێگەیەی بەناو شینایییەکان دا ڕەت دەبوو، لە بەرامبەر قوتابخانەی ناوەندی ئەلبەشیر ئەلئیبراهیمی، چاوکاڵ و ئەسمەرێکی تیٚری، تۆپی باسکەت هەڵگرتووە، لیٚم پرسی:

- ئەوڕۆ کیٚ سەرکەوت؟
- بیٚگومان تیمەکەی ئیٚمە.
- ئەدی کامەتان زۆرترین خاڵتان تۆمارکرد؟

تۆپەکەت هەڵداو بە جووڵەیەکی جوان گرتتەوە و پیٚشدەخەنیت، ئینجا گوتت:

- بیٚگومان خۆم.

لە یاری باسکە لیٚهاتوو و زیرەك و سەرکەوتوو بووی، هەر لەبەر سەرکەوتوویییەکەت خۆشم ویستی.

سەبارەت بە خۆم پیٚموایە هەر تەنها ئەو سەرکەوتنە وا لە ژن دەکا پیاوی خۆش بوویٚت، خۆشەویستیش لەو خانەیەدا دەنیٚم. ئەویٚ شەویٚ بەوپەڕی هیٚز و توانامەوە بەرەو لای تۆ سەفەرم کرد، تا کاتیٚك شەرمنیم لەگەڵ دەنگی کچەکەی هاوژوورم بەئاگا هات:

- کەسیٚك لە دەرەوەیە و داوات دەکات!

خەریك بوو زەندەقم بچیٚ، شەوەکەی زۆر درەنگ بوو، دەبیٚ چ کە سیٚ داوام بکات؟

چوومە دەرەوە و ترسیشم بەسەردا زاڵ بوو، لە گۆشەیەکی تاریك وەستام و هەوڵم دا ئەو کەسەی لەگەڵ پاسەوانەکە وەستاوە بەدی بکەم، یەکسەر ناسیمەوە، ئەوە سەرنووسەرەکە بوو.

* * *

## یەمینە

لەگەڵ سەیرکردنی کاتژمێرەکەم سڵاوم لێکرد:

- خێرە؟

پێکەنی و داوای لێبووردنی کرد:

- دەزانم کاتەکەی درەنگە، بەڵام لەسەرچاوە تایبەتییەکانی خۆمم ڕا زانیوە، چەند کاتژمێرێك دەبێ کۆمەڵە کچێك لەژێر دەستی تیرۆرستان رزگارکراون، هەندێکیان لە قاوشێکی تایبەتی نەخۆشخانەی زانکۆیین، دەمەوێ بەزوویی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەی و بۆ دوای نیوەڕۆش باسەکە تەواو سازوئامادە بێت.

((ئەرکی کارێك))ی خستە ئەستۆم، خزایە نێو ماشێنەکەی و رۆیشت. ئەوکات نەمدەزانی رێچکەیەکی دیکەی نوێ لە ژیانم دەگرمەبەر، بەشێوەیەك لە شێوەکانیش شەڕت لەگەڵ دەکەم، لە کورتە چیرۆکەکانیشم دەتنووسمەوە کە لەگەڵ بەرائەتەکەت رێك نایەتەوە.

له راستیدا به تەواوەتی نەمدەزانی هەستەكانم بەرامبەرت چۆن چۆنیە، لەگەڵ وەستانم له بەردەم ژوورەكەی((یەمینه))، گەردەلوولێك بەسەر هەستەكانم دا هەڵیكرد! جەستەی كه نووزە نووزی بوو كەمەندكێشی كردم، لەو بڕوایەدا نەبووم یەكێكیان بەو حاڵەوە ببینم، كچێكی دیكەی لەگەڵ بوو، به نیگایەكی سارد و سڕ هەر سەیری دەكردم، كاغەزەكانم لەلایەك دانا، بۆ تەوقەكردن دەستمم درێژكرد.. نەجووڵا، هەر بەو بێ خولقیەوە پرسی:

- ئەتۆ كێی؟

به نیگایەكی جیاوازەوە سەیری دەكردم، دوژمنانه و ترسناك بوو، دەبوایه وا لەگەڵی بجووڵابامایەوە، تا كردەوەكەی بەرامبەرم توندتر نەبێت، بەبێ ئەوەی بیوروژێنم، وەڵامیم دایەوە:

- خالیدە.. ئەوە چۆن روویدا (ئاماژەم بۆ یەمینه كرد)؟

به بێزاری وەڵامی دایەوە:

- دەمرێ.
- بۆ وادەڵێی؟
- چونكه دەزانم.
- دكتۆر پێی گوتووم چاك دەبێتەوە.
- هەیهوو، جا دكتۆرەكه چ دەزانێ؟
- زۆر چاك له حاڵەتەكەی دەزانێ.
- ئەوەش دەزانێ ئەو نایەوێ چیتر بژیێت؟
- پێتوایه ئەوەش هۆكارێكی بەجێیه تا بمرێت؟
- بەر لەوەی منداڵەكەی ببێ سوپا بگەیشتبایه ئەوێ، رەنگبوو رزگاری ببا !؟
- چما منداڵی بووە؟

- بەڵێ!

- منداڵەکە لە کوێیە؟

واپێکەنی گومانم بۆ ئەوەچوو عەقڵی تەواو نەبێت، پاشان گوتی:

- کوشتیان.

- کێ کوشتی؟

پێکەنینەکەی لێ تۆرا، ترسێك نیشتە بان روخساری، بەلای راست و چەپییەوە روانی، دوایی گوتی:

- ئەوان.

- ئەوان کێن؟

- دڕندەکانی دارستان!

پاشان ئاماژەی بۆ کردم وس بم، بەردەوام بوو:

- دەزانی چیان لێ دەکردین؟ هەموو شەوێك دەهاتن و ناچاریان دەکردین ئەو ((عەیبە))یە بکەین، کە منداڵیشمان دەبوو دەیانکوشت، هاوارمان دەکرد و دەگریاین و ئازارمان دەچەشت و ئەوانیش ئەو ((عەیبە))یەیان لەگەڵ دەکردین. داوای فریادڕەسێکمان دەکرد، لێیان دەپاڕاینەوە،قاچەکانمان ماچ دەکردن تا وامان لێ نەکەن، کەچی ئەوان گوێیان نەدەدایێ.

هەردوو قۆڵی ماکسیەکەی هەڵکرد و مەچەکە شێوێندراوەکانی لێ نزیك کردمەوە:

- سەیرکە... بە تێلێکیان بەستامەوە و هەرچی ویستیان کردیان، بەزەیی لە دڵی کەسێکیان دا نییە، تەنانەت خوداش وازی لێهێنام کاتێك لێی پاڕامەوە. خوایە تۆ لە کوێی، خودایە تۆ لە کوێی؟

کەم کەمە دەنگی بەرزتر دەبوو، پاشان دەستی بە هاوار کرد و قژی خۆی راکێشاو جلەکانی خۆی دڕاند و هاوار کردنەکەشی بەرزتر دەبووەوە!؟

یەمینە بە ترسەوە خەبەری بۆوە، پەرستارەکانیش رایان کردە لای، لە گرتنی هاوکاری یەکدیان کرد، یەکێکیان دەرزییێکی لە قوڵی دا، دوای چەند ساتێك ئارام بۆوە، ئیدیی بردیانەوە ژوورەکەی خۆی.

حەپەسابووم و نەمدەزانی چ بکەم! دوو پەرستار هاتنە ژوورەوە و داوایان لێ کردم بڕۆمە دەرەوە، نەڕۆیشتم، لەلای دەرگەکە وەستام، چەرچەفەکەیان لەسەری لادا، خوێنێکی زۆری بە قاچەکانەوە بوو، دایبیە خوێناویەکە و چەرچەفەکەیان لەگەڵ پارچە پلاستیکێك لادا، دیمەنەکە سەخت و ناخۆش بوو، چاوەکانم نووقاند و دوورکەوتمەوە، دوای ساتێك پەرستارەکان هاتنە دەرەوە، یەکێکیانم وەستاند و لێم پرسی:

- چیەتی؟

وەڵامی دامەوە و رۆیشت:

- خوێنی لەبەر دەڕوات.

دووبارە چوومەوە ژووری، بە شل و خاویەوە سەیری کردم بە دەنگێکی ماندووانە پێی گوتم:

- ئەتۆ دکتۆری؟

سەیری بوتڵە خوێنە هەڵواسراوەکەی تەنیشت قەرەوێلەکەیم کرد کەوا بە باسکی وەکراوە و هەوڵم دا وەڵامی بدەمەوە، لەتاو کاریگەری حاڵەتەکەی زمانم وشك ببوو و بەمەڵاشوومەوە نووسابوو، هەر بەسەر ئاماژەم بۆ کرد ((نەخێر)).

چاوم بە ژوورە سێ قەرەوێلەییەکەدا گێڕا، بینیم شووشە ئاوێك کەمێکی تێدابوو، هەمووریم هەڵقوڕاند، گەڕامەوە تەك یەمینە، ئەو سەرنجی دەدام و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوی دەموچاویشی ئازاری دەدام، لێم پرسی:

- هەست بەچی دەکەیت؟

بە دەنگە ماندووەکەی وەڵامی دایەوە:

- هەست بە هیچ ناکەم.

نازانم چۆن بزەیەکم بۆ کرد و پێیم گوت:

- سوپاس بۆ خودا کە ئازار ناچێژی.

گوتی:

-ئازاری زۆرم چەشت، ئێستا کاتی پشوودانمە، ئەرێ ئەتۆ دکتۆری؟

- پێم گوتی نەخێر، ڕۆژنامەنووسم.

- وتاران دەنووسی؟

- بەڵێ.

- چەندەم خەون بەوەوە دەبینی ببمە ڕۆژنامەنووس.

- ئەدی چی رووی دا؟

- گاوێك بوومە چواردە ساڵان وازم لە خوێندن هێنا، چونکە دەبووایە لە ناوەندی ئاریس بچووبمایە بەشی ناوخۆ و بابیشم بەوە رازی نەبوو.

-تۆ خەڵکی دەوروبەری ئاریسی؟

- ئەمن خەڵکی ((تابەندووت))م.

بزەیەکم بۆ کرد و زیاتری لێ نزیك کەوتمەوە، بە شاویەیی[6] قسەم لەگەڵ کرد:

- دەسا منیش خەڵکی ئاریسم.

---

٦- زاراوەیەکی بەربەریەکانە.

ئەوەم پێگوت، لە پرمەی گریانی دا، پرسیم:
- چیتە بۆ دەگری؟
- ئاواتەخوازبووم بەر لەوەی بمرم یەکێکم لە کەسوکارەکەی خۆم بدیتبایە، ئەوا خودا مرازی حاسڵ کردم، ئەتۆی نارد.

لەگەڵ ئەو خۆشیەی کە لە کۆتاییدا لە چاوەکانی بەدیم کرد، بە خوڕ ئەشکم دایکردە باران، زێدەتر لێی نزیك بوومەوە و چرپاندمە گوێی:
- هەرگیز بەجێت ناهێڵم، بەردەوام لە تەکت دەبم، هەر چیەکیشت گەرەك بوو لێمی داوا بکە.

کەچی زیاتر گریا، هەستم کرد وا هەناسەکانی بە پچڕ پچڕی سترانی مەرگ دەخوێنێ، ویستم باسەکە بگۆڕم، پرسیم:
- ئەو کچەی لێرە لەگەڵت بوو ناوی چی بوو؟
وەلامی دایەوە:
- راویە.
- ئەو چی بەسەر هاتبوو؟
- هەروەکو ئێمە مانان بوو.
- ئێوە زۆر بوون؟
- ئێمە هەشت کەس بووین، یەکێکمان لێ کوژرا، هەر لەگەڵ گەیشتنمان و بە بەرچاوی ئێمەوە سەریان گۆشاو گۆش بڕی!! چونکە چۆکی بۆ ئەمیرەکەیان دانەدا، لەوێ رۆژێوە راویە بەم جۆرەیە، چونکە کوژراوەکە خزمی ئەو بوو.
-لەنێو چیا ژیانتان چۆن دەگوزەرا؟

- خواردنمان بۆ ساز دەکردن، جل و بەرگمان بۆ دەشووشتن، کە شەویش دادەهات...

هەمدیسان وشەکان خنکاندیانەوە، دەستی بە گریان کردەوە، ئەوەندە بە توندی هەنسکی دەدا.. ترسام بمرێت!؟ لێی پاڕامەوە ئارام بگرێت و هەوڵم دا تەسەلای بدەمەوە:

- ئێستاکە هەموو شتێك کۆتایی پێهاتووە.

کەچی بە (نا) سەری دەجووڵاندەوە، گریانەکەشی توندتر و ئازاراویتر دەبوو، لە روخساریشیدا سەختی کارەکەی خۆمم خوێندەوە:

- هیچ مەڵێ، بەجێت دەهێڵم تا پشوویەك بدەی، کاتی نان خواردن دەگەڕێمەوە لات.

لەگریان وەستاو دەستی گرتم، پاشان گوتی:

- ئەگەر خەڵکی لای خۆمان نەبوویتایە هیچم بۆ باس نەدەکردی.

هەستم کرد چەندە دڵی پێمخۆشە، تووندتر دەستیم گوشی، ئەوەی من نەمتوانی بیڵێم.. پەنجەکانم دەریان بڕی.

خەنیەوە، هەستم بەئاسوودەییەکەی کرد، پرسیم:

- دەتەوێ شتێکت بۆ بێنم؟

- رادیۆیەکم دەوێ.

- بە سەرچاو، چی دیکەشت گەرەکە؟

- هەر تەنها رادیۆیەك و بەس.
خەریکبوو بڕۆمە دەرەوە، گوێم لێبوو گوتی:
- ئەگەر کەسوکارەکەم بزانن لێرەم، پێتوایە کەسێکیان سەردانم بکەن؟

بەبێ دوو دڵیەوە وەڵامیم دایەوە:
- بێ گومان.
چوومە دەرەوە، ئەوەیان یەکەمین درۆ بوو لەگەڵیم کرد.

❊ ❊ ❊

# نزای کارەسات

((زەمەن برینی (عەرەب)انە، ئەوان سۆزیان بۆ رابردوو هەیە))* و قسەنتینەش بێجگە لە زمانی رابردوو بە هیچی دیکە نادوێ.

بە شەقامی ((عەبان رەمەزان))دا رەت دەبم، لەگەڵ بانگی نیوەڕۆ: ئەڵڵاهـ و ئەکبەر..

رابردوو بە چواردەورم پەرش و بڵاودەبێتەوە. وا پێدەچێت منارەکان لەنێو خەونێك بەجێ مابن، هەروەکو بڵێی لە حاڵەتی خۆشەویستیدا بن، لە ئاسمانێ ڕا لەگەڵ وەنەوشە دەست لەملانێی یەکترین، خەڵکی ((ئەڵڵاهـ و ئەکبەر)) دووبارە دەکەنەوە.

لێرە خەڵکی پێچەوانەی گوتنی منارەکان ناوەستنەوە، تەنانەت کاتێك گوتیشی: ((یاخوا کچەکانیان بە زیناکردن بدەی))!

گوتیان: ((ئامین))

تەنانەت کە گوتی:
((یاخوا منداڵەکانیان هەتیو خەی))
گوتیان: ((ئامین)).

---

*دەربڕینێکی (فاتیمە مەرنیسی) یە.
تەنانەت کاتێ گوتی:
((خودایە ژنەکانیان بێوەژن خەی))
گوتیان: ((ئامین)).

تووشی پەتای جەبهەی ئینقاز[٧] ببوون، بە چاوی نوقاوەوە هەر هەموویان نزای کارەساتیان خوێند...

- ((یاخوا کچەکانیان بەزیناکردن بدەی)).
- ئامین!
- ((ژنەکانیان بێوەژن خەی))
- ئامین!
- ((یاخوا منداڵەکانیان هەتیوو خەی))
- ئامین!

جەبهەی ئینقاز مۆدەیەك بوو!
حاڵەتێك بوو

---

٧- جیهە الإنقاذ، بەرەی رزگاری، پارتێکی ئیسلامی توندڕەوی جەزائیریە. (و)

گۆڕانكارییێك بوو...

... بۆیە یەمینە لە نەخۆشخانەی زانكۆیی خوێنی لەبەر دەڕوات و ئاسەواری گۆڕانكاریشی پێوە دیارە! هەر بۆیەش دەیان گوڵی دیكە لاقە دەكرێن! ئەوەی گەل بە نزاكردن بارەكەڵڵای بۆ كردن، دەبوایە هەر بە تەنها یەخەی خودی گەل.. بگرێتەوە!!

لەو كاتەی دەمویست رێگاكە ببڕم، ئەگەر وریا نەبام ماشێنێك دەیپلیشاندمەوە! كشامەوە دواوە و زارەترەك بووم، هەرچی جنێوی شوفێرەكەش بوو، ئەوا وەكو چەقۆیەكی تیژ بە گوێچكەمدا چوو.

خەریك بوو تووڕەببم، بەڵام رێگەی خەمەكانم هاا وا لە هەوەڵەوەیە، بێ باكانە سەیری شوفێرەكەم كرد، لەبەر خۆمەوە هەر هەندەم گوت: ((بەستەزمانە.. ئەو كەسێكی بێ رەوشتە)).

ئێمە كەسانێكین، بەستەزمان نابین ئەگەر بێت و بێ رەوشت نەبین.
منارەكان بێ دەنگ بوونەوە.
هامووشۆكارانیش لە جادەكە كەمتر بوونەوە.

بە ئاسمانەوە دوو باڵندە تێك ئالان، لەنێو سەرمدا یەمینە بە هەناسەكانی گۆرانی دەڵێت، ئەو ماندووە و خەون بە بینینی كەسوكارەكەیەوە دەبینێ.

ئێستاكە من گشت كەسێكی ئەوم! ئای ئەوە چ گێژاوێكە و تێی كەوتووم؟

ئەوە ئەو شتە چاوەڕوان نەكراوەیە كە پێشهاتیم نەدەكرد، نەك وەكو رۆژنامەنووسێك سەر بنێمە جیهانی بەزۆر لاقەكراوان، بەڵكو مینا كەسێكی نێو خێزانەكەیان بم، باشە دەربارەی یەمینە چی بنووسم؟ لەسەر خۆشیەك راكشاوە كە (من)م، لەسەر هیوایەك خەوتووە لە رادیۆیەك زێدەترنییە، كە بۆی دەبەم، چونكە من

کەسوکارەکەی ئەوم، ئەمن خزمەکانی ئەوم، ئەمن کچی ئەو زمانەم، لە رۆژێکی نا چاوەڕوان، لە دەم و ساتێکی ناچاوەڕوان، کە هەردووکمانی پێکەوە داگیرساند.

بەدرێژایی رێگاکەوە بیرم دەکردەوە چۆن چۆنی دەربارەی ئەم باسە بنووسم، بە چ شێوازێك، بە چ زمانێك، بە چ دڵێك، بە چ قەڵەمێك.. قەڵەمی خزمایەتی حەزی بە تەعەدا لێکردن نییە.

قەڵەمی خزمایەتی..!
قەڵەمی هاوخوێنی ناتوانێت خیانەت بکات!

باشە چۆن چۆنی هەر تەنها بە ئامادەبوون خیانەت لەو هەناسە شادومانانە بکەم، چۆن چۆنی دەتوانم خیانەت لەو چاوانەی تژی بڕوا پێکردنن.. بکەم؟
دەبێ نووسین دەربارەی مێینەیەك کە بەزۆری زۆردارەکی پاکیزەییەکەی لێ دزراوە، چۆن چۆنی بێت؟

ئێستا ئیدی نازانم رووی نووسین چۆنە، نازانم رەنگی قەڵەمەکان، رەنگی کاغەز چۆن چۆنییە.

هەموو شتێك لە وڕێنەی ((راویە)) و خوێن لەبەرچوونی ((یەمینە)) دەچێ، هەموو شتێك بۆتە خوێن، سوورهەڵگەڕاوە.
هەموو شتێك بۆتە ئازار.
- ئەو باسە نانووسم!
ئیتر تەواو.

دووپەڕ هەڵدرانە بەر با.. دوو هاوڕێ لێکدابڕان:
- بەنیازی دیدار رەشید.
- ئەی خۆشەویست گەر بێو نەمرین، ئەوا بە نیازی دیدار!

هاییم لێ بوو چاوەکانی ترووسکەی هیوایان تێدابوو.
هاییم لێ بوو قسەنتینە لە جاران جوانتر بوو.

خەریکە دار سنەوبەرەکانیش زۆر بڵێ دەبن، شنەبای ساردیش بەر قژی کچان دەکەوێت و هەقایەتەکانیش لێرەو لەوێیە، لەنێو ئەو منداڵانەدابوون، کە لە قوتابخانەوە بەرە ماڵ رایاندەکرد.

خۆزگەم دەخواست منداڵ ببومایەوە، بایێك هەڵیگرتبام و بیبردبامایە قوتابخانەی کچان لە ئاریس، بەسەر پردە بچکۆلانەکەدا رام بکردبا، گوێم بۆ چپە چپی شۆڕەبیەکان رادێرایە، کۆلارەیەکم لەسەر پردەکە ڕا هەڵبدایە، کاتێکیش خۆی لە چڵ و پۆپی دارەکان لادەدا و بەرز.. بەرز دەفڕی، چەپڵەم لێ بدابایە.

گەمەی هەرە خۆشم ئەوەبوو، بە کاغەز شتی جوان دروست بکەم، تا ئێستاکەش کاغەز شتێکی گرنگی ژیانمە، هێشتاش شتە جوانەکانی خۆمی پێ دروست دەکەم، بۆیە دەربارەی یەمینە نانووسم، رێگە بە وێنەگرەکەش نادەم وێنەی خەمبارییەکەی بگرێت و هەرتك چاوانی داپۆشێ تا کەس نەی ناسێتەوە.

هەندێك کێشە هەن هاواری رۆژنامەکان چارەسەریان ناکەن!
هەندێك کێشە هەن بە دادپەروەری، بە یاسا، بە ویژدانە زیندووەکان چارەسەر دەکرێن.

لێره.. پیاوەکان بە تێڕوانینە تەسکەکانیان دادپەروەری دەنووسنەوە، چونکە مادەی (٣٣٦) لە یاسای سزادانی جەزائیری تایبەت بە نامووس بردن، دەڵێت: ((هەرکەسێك تاوانی بەزۆر لاقەکردنی ئەنجامدا، بە پێنج تا دە ساڵ گرتنی کاتی سزا دەدرێت، ئەگەر ئەو نامووسبردنە بەرامبەر کەسێکی پێنەگەیشتووی خوار تەمەنی شازدە ساڵ کرا، سزاکەی لەنێوان دە تا بیست ساڵ بەندکردنی کاتی دەبێت)).

بە بەراورد لەگەڵ یاسای فەرەنسی، ئەوە یاسایەکی توند نییە، کە داوای توندکردنی باری تاوانبار دەکرێت، ئەگەر هاتو بە تاوانی سێکسکردن تاوانی بەرامبەر تاوان لێکراو ئەنجام دابیٚ، سزاکەی بۆ بیست ساڵ و کارپێکردنی پیٚدەکرێت، پیاوان بەپێی هەواو هەوەسی خۆیان ئیسلامیان گەرەکە!!

لەنێو مرۆڤی ئاوا چ کەسێك هەیە بەزەیی ئیسلام ناس بکات؟

هیچ کەس!

کەسانێك بەناوی ئەوەوە بەزۆر ژنان لاقە دەکەن. هەندێکیشیان بەناوی ئەوەوە دەیان بوغزێنن. کەسانێکی دیکەش هەن بەناوی ئەوەوە و بە دوو هەزار دینار، لە بڕی ولایەتکردن قەرەبوویان دەدەنیٚ. بەشێکی دیکەش هەن بەناوی ئەوەوە نکۆڵی لەوە دەکەن ئەوان قوربانی بن.

ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش هاواردەکەن و پرۆتستۆی دەکەن،

ڕێکخراوەکانی قوتابیانیش هاوار دەکەن و پرۆتستۆی دەکەن.

بە تەنها ئەوانەی بەزۆر لاقەکراون لە مانای پێشێلکردنی جەستە، لە مانای پێشێلکردنی (خود) دەگەن. بە تەنها ئەوان لە مانای پەڵەی شەرم دەگەن، هەر بە تەنها ئەوان لە مانای لانەوازی و لەشفرۆشی و خۆکوشتن دەگەن، بە تەنها هەر ئەوان ئەو فەتوایانە دەناسن کە ((بەزۆر لاقە کردن)) یان حەڵاڵ کرد.

((ئەمیر خۆی دەیکاتە دیاری)).

بە فەرمانی ئەمیر، تەنها ئەو کەسەی بۆی کراوەتە دیاری دەتوانێ ماچی بکات.

لەبەردەم برایان دا رێگە بە داکەندنی جلوبەرگ نادرێ. نابێ بە شەهوەتەوە تەماشای بکرێت.

نابێ برایان لێی بدەن، بەڵکو ئەو کەسەی بۆی کراوەتە دیاری، دەتوانێ بەپێی رێپێدانی شەرع دڵی چی دەخوازێت بیکات.

گەر دایك و کچ بوون، لەگەڵ دایکی دا خەوت، ناکرێ لەگەڵ کچەکەشی بخەوێت.

گەر پیاوێك چووە لای، تا لە عادەی نەبێتەوە یەکێکی دیکە ناتوانێ لەگەڵی بخەوێت، بەڵام دەست گەمە کردن (لەگەڵ پێدا هەڵگوتن)ی جائیزە.

باوك و کوڕ هەردووکیان ناتوانن لەگەڵ یەك کچ بخەون. ئەگەر دوو خوشك بوون، یەك موجاهید ناتوانێ بچێتە لای هەردووکیان[٨].

بەشێوەیەك لە شێوەکان و بەهۆی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتری خۆم ئەو هەموو شتانەم دەزانی، خەڵکی دیکەش دەیانزانی، پیاوانی یاساش دەیانزانی، بەڵام جگە لەو نەونەمامانەی ئێستا وا لە نێوان دڕك و داڵی شێتی و شوورەیی دان، هیچ کەسی دیکە لە گەورەیی و ترسناکی ئەو ئەزموونە باشتر دەزانێ؟

ئەرێ دەبێ یەمینە ریسوا بکەم.

ئەرێ دەبێ خۆم ریسوا بکەم؟

---

٨- بەڵگەنامەیەکە لە دوای قەسابخانەی بن تەڵحە و چوونی سوپای نیشتمانی میللی بۆ ناوچەی (أولاد حلال)، بەڵگەنامەیەکە چۆنیەتی (خەوتن و...) روون دەکاتەوە، لە رۆژی (٥)ی جمادی یەکەم ١٤١٨ ساڵی کۆچی چ نووسراوە، هەروەکو روون و ئاشکرایە سەرچاوەی فەتواکە بە تەواوی نادیار و بزرە.

سبەی کەس و کار و هەموو ئەوانەی ناوم دەزانن دەڵێن: ((بڕۆنیّ.. ئەو کچی عەبدولحەفیز مەقرانە و کچێکی خۆمانی ریسوا کردووە؟)).

باشە چۆن کاروبارەکە بە ئێرەی گەیاندم؟
باشە چۆن بەو شێوەیەم بیرکردۆتەوە؟

تەواوی ئەو هزرانەم لە کەللەم دەرهانی و لەبەرامبەر سەرنووسەر بە بێدەنگی دانیشتم. هەردەدواو منیش نەمدەبیست، پاشان لێم نزیك کەوتەوە و هاواری بەسەرداکردم:
- چیت بەسەرهاتووە؟

راچڵەکیم، خەریك بوو پێی بڵێم:
- جا دەبیّ چۆن گەیشتبمە ئێرەکانە؟

چونکە بیرم نەما چۆن ئەو هەموو رێگایەم لەناو جەرگەی شارەوە تا بارەگای رۆژنامە بڕیوە.
بە نیگای دوو چاوی تەرە سەیریم کرد، لەگەڵ دەرهێنان و داگیرساندنی جگەرەیەك پێی گوتم:
- لە بەدواداچوونەکەت گەیشتوویەتە کویّ؟

هۆشم هاتەوەبەر:
- بۆچی خەڵکی وەکو رۆژانی ((ئەلفیس))[٩] نوێژەکانیان ناکەن و داوای لێخۆشبوون و بەزەیی و ئاشتەوایی ناکەن؟

---

٩- کورتکراوەی ناوی (ئەلجەبهە ئەلئیسلامیە لیلئینقاز) (الجبهە الاسلامیە للإنقاذ)ە.

له جووڵەکردن کەمێك وەستا، بەر لەوەی جگەرەکەی بکێشێ کوژاندیەوە، گەڕایەوە شوێنی خۆی و پاشان گوتی:

- له نەخۆشخانە چی رووی دا؟

زیاتر وەهۆش خۆم هاتمەوەو وەڵامیم دایەوە:

- ئەوەیان کارەساتە!

- کەواتە بینووسە.

- نەخێر...!!

- بەڵێ.

- نەخێر، هیچ شتێکیان دەربارە نانووسم؟

- واپێدەچێ ئاگات لەخۆت نەبێ، دەڵێی نەخۆشی؟

بزەیەکم هاتێ

- نا، نەخۆش نیم.

شانەکانی هەڵتەکاند:

- کەواتە؟

- کەواتە.. دەربارەی نزاکردن دەنووسم!

- کامە نزا؟

- نزاکردنەکەی ((ئەلفیس)).. دێتەوە یادت؟ لە سەرو بەندی پشێویەکان لە هەموو مزگەوتەکان دەگوترانەوە، کە دەیانگوت ((یاخوا کچەکانیان بەزینا کردن بدەی، منداڵەکانیان هەتیو خەی، ژنەکانیان بێوەژن خەی... هتد)) پرسیار لەوانە

دەکەم ئەوانەی دەیانخوێند، پرسیار لە ویژدانیان دەکەم، دەمەوێ ئاستیان بزانم، ئەرێ دەیانزانی چی دەڵێن، بۆچی ڕەگەڵ مەلاکانی ((ئەلفیس)) کەوتن و هەر هەمووشیان داوایەکی سەیری ئاوەهایان لەخودا کرد.

سەرنووسەر قسەکەی پێبڕیم:
- خالیدە.. دەمەوێ بەسەرهاتی ئەو کچانە بنووسیەوە؟

هەستامە سەر پام، کەمێك لە ژوورەکە جووڵام:
- پێشووتر دەربارەی ئەو باسەم نووسیوە...
- نووسیوتە.. ژمارە و داتاکانت نیشانداوە.
- بەڵێ.. گوتوومە لەوەتەی (١٩٩٤) پێنج هەزار ژن لاقەکراوە، گوتوومە هەزار و حەوت سەد ژن لە دەرەوەی ناوچەی شەڕ و شۆڕ لاقەکراون. گوتوومە وەزارەت گوێیی پێنادا، گوتوومە یاسا دەربەست نییە، گوتوومە خێزانەکانیش دەربەست نین، لە دوای گەڕانەوەی کچەکانیان.. دەریانکردن، گوتوومە ئەوان تووشی شێتی هاتوون، کەوتوونەتە داوی لەشفرۆشی، خۆیان کوشتووە... ئەرێ بێجگە لە خالیدەی مەسعودی[١٠] و هاوشێوەکانی ئەو، کەسی تر جووڵاوەتەوە؟

بەدەنگێکی بەرز قسەکەی پێبڕیم:
- ئێمە یاسا نین، ئێمە ڕۆژنامەنووسین؟

بە هاوارکردنەوە منیش قسەکەیم پێ بڕی:
- ئێمە تووڕە هاتین.

---

١٠- چالاکوانێکی بواری ژنانە لە جەزائیر، کتێبێکی بە فەڕەنسی هەیە ناوەکەی (ژنێکی وەستاو)ە.

مستێکی کێشایە سەر مێزەکە:
- ئەورۆ چیت بەسەر هاتووە؟
- وای دابنێ شەوێکیان کچەکەت رفێندرا، بە زۆر لاقە کراو سکی پڕ بوو و زۆڵێکی بوو، هاا وا لە نەخۆشخانەی زانکۆییە و خوێنی لەبەر دەڕوا، منیش وەکو رۆژنامە نووسێك دێم و دەڵێم کچی فلان کەس وا و وای لێهاتووە، رازی دەبی؟

بە تەوسەوە پێکەنی و لێم نزیك کەوتەوە:
- لە حاڵەتی وەهادا کەی ناوی خەڵکمان هێناوە؟
- راستی گوتن ناو و نازناو ئاشکرا دەکات، ئەگەر راستیش بە تەواوی نەنووسین کەس بڕوامان پێ ناکات...
بەتووڕەییەوە گوتی:
- خالیدە.. Sois Bref[11]

منیش بە هێمنی وەڵامیم دایەوە:
- Bref.. دەربارەیان نانووسم.. لەسەر نزاکردنەکە دەنووسم.

بۆ ئەوەی کەمێك هێور ببێتەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان بە ددان جیڕکردنەوەوە پێی گوتم:
- رفاندن و بە زۆر لاقەکردن لە ساڵی (١٩٩٥) وە بووە ستراتیژ و داردەستی شەڕکردنی چەکدارانە لە نێوان کۆمەڵە ئیسلامییە چەکدارەکان و خەڵکی سیڤیل، ئەگەر ئێمە دەربارەی ئەوە نەنووسین، جیهان چۆن لەوە حاڵی دەبێ لەم ناوە چ دەگوزەرێ؟

١١- مانای: کورتیان بکەرەوە.

پێکەنیم، پڕ بە دڵ پێکەنیم:

- پێکەنیناوی دێیتە بەرچاو.. (بە گاڵتەجارییەوە بەردەوام بووم) جیهان ئەو رۆژنامەیەی ئێمە دەخوێنێتەوە، کە لەناو وڵات دە هەزار دانەشی لێ بڵاوناکرێتەوە و تەنانەت ناگاتە تونس و مەغریبی دراوسێشمان، ناخرێتە نێو ئینتەرنێتیش؟ بە زاراوەی میسری گوتم ((ئەرێ پیاو تۆ بۆ لەگەڵماهاورا نیت؟)) پاشان چوومە دەرەوە.

*  *  *

# مەرگ و بێداری، شەو بە یەکەوەن و ناخەون

ئا ئەوە پردی ((ریمە))یە..!

پەتەکانی خۆ خنکاندن لەنێو رابردووە کۆنەکەیدا خۆیان شەتەك دەدەن.

ئا ئەوە بنی بنەوەی دۆڵی (رمال)ی ترسناکە، ئاگاداری لە شاردنەوەی نهێنی مردووەکانی دەکات! ئا ئەوەش نەخۆشخانەکەیە و سەد مەترێك لێمەوە دوورە!

منداڵان لێرەو لەوێن، لەژێر سایەی ئەو باخچە بچووکەدان و جگەرە دەفرۆشن، لە ژێر مێزەکانیشا ماددەی بێهۆشکەر! ئای قسەنتینەی جوان! تەنها هەژاری دەستدرێژی کردە سەر پاکیزەییت. ئەتۆی شارێکی لە خواترس بووی ، هەرچی خواردنەوە[12] هەبوو نەدەهاتە ناوت، مێژووە شکۆدارەکەت مرد، باخچەکانت پڕ لە هاوجنسباز و سەرخۆش و ماددەی بێهۆشکەر بووە.

لە دووری سەد مەترێك.. پاکی و پیسی لەتەك یەکتریدان. لەناو باخچەکان نەخۆشی زێدەتر دەبێت، هێیی هێ.. پیاوێکم بینی بە پاوە و لەنزیکی محەجەرەی

١٢- مەبەست لە مەشروب خواردنەوەیە. (و)

باخچەکەدا دەستپەڕی لێدەدا، چاوم داگرت و لە شەرمان دڵم سووزیا. خۆزگەم خواست رێگەیەکی دیکەم بگرتبایەتەبەر، نەوەك ئەو رێگەیە، تا بچوومایەتە نەخۆشخانە.

دڵدارێکی پیسی و پۆخڵ خۆی بەلای خۆشەویستەکەیدا لارکردەوە و پێی گوت:
- سەرپۆشەکەت داکەنە.

دەستی بەناز و نووز کرد، ددانەکانی وەدیارکەوتن، کە چڵکی پێوە دیار بوو، پیرەمێردێك بە نزیکیان دا رەتبوو، تفێکی رۆکرد.
هەنگاوەکانم خێراتر کردن،
نەخۆشخانەکە دەکەوێتە سەر بەرزایی بەردەڵانەکە، بۆیە هەواکەی هەم ساردتر و هەمیش توندترە. چەترەکەم کردەوە.. دایکردە بارانێ.

لە دوو و نیوی دوای نیوەڕۆوە لەبەردەم دا یەمینە بووم، کیسێك پرتەقاڵ، رادیۆ، و چەند کتێبێکی غاددە ئەلسەممان و کراسێکی خەوتن، کە وێنەی کەروێشکی بچووك بچووکی لەسەر بوو.. بۆم هێنابوو.

بزەیەکی بۆ کردم:
- لام وابوو نایەی!

بە زاراوەی میسری پێم گوت:
- ئەیەڕۆ،چما نایەم!؟[١٣]

١٣- گوندێکی ئەوراسی نزیك ئاریسە.

بەڕوومدا خەنیەوە.
ئەوەیان هەوەڵ جار بوو بینیم پێبکەنێ.

گوشەرێکم لە ژانتاکەم دەرهانی و پێیم گوت:
- پرتەقالێکت بۆ دەگوشم، بۆ تۆ باشە، ئەگەر چیدیکەشت ئاو میوە گەرەك بوو گوشەرەکەت بۆ بەجێدەهێڵم.

بانگی (سەلیحە)ی پەرستار بکە، ئەو دەستە خوشکێکی خۆمە، میوەی دیکەت بۆ دەگوشێت، هەرچییەکت گەرەك بوو داوای لێبکە، ئەویش شاویەییە و خەڵکی (ئەلمەعزەر)[1] ە.
- جا دەم ناسیێ؟
- کە بەرەو ئێرە دەهاتم.. باسی تۆم بۆ کرد، ئەو لە نهۆمی ژێرەوەیە.
- جا بۆی دەکرێ کارەکەی خۆی جێبهێڵێ و بێتە لای من؟
- گوێی مەدەرێ.

ڕەنگ و ڕووی زیاتر پەڕیبوو.
هەستم کرد مەرگ وا بە پەلەپەل بۆ لای رادەکا. مەرگ بۆنێکی سەیری هەیە، لە بۆنی دەرمان و نەخۆشخانەکان دەچێت، ویستم ئەو بیرۆکەیە لە خۆم دوور خەمەوە، بەڵام نزیکتر کەوتەوە. کە کتێبێکی غادە ئەلسەمانی بە دەستەوە گرت بوو، هەر تك دەستی مردبوون، لێی پرسیم:
- ئەرێ تۆ چیرۆکی جوان دەنووسی؟

هەمدیسان ویستم بە پێخەنینی خەم، بە زاراوەی ئەسکەندەرانی گوتم:
- بەڵێ، بەشێوەیەکی گەلێ جوان!

پێکەنی و گوتی:
- دەیخوێنمەوە.
سەرەڕای ئەوەی دەدوا، بەڵام روو گرژی دایگرتەوە:
- رەنگە لە کتێبێك زیاترم بۆ نەخوێندرێتەوە، چما سێت هێناون؟

لە مەبەستی گەیشتم:
- هەمووی دەخوێنیتەوە.
- مەرگ سرووتەکانی ژیانی لا گرنگ نییە.
- ئەریٚ بۆچی هێندە باسی مەرگ دەکەی؟ ئەتۆ لەبەردەستی دکتۆران دای و حاڵیشت جێگیرە، منیش لەگەڵتدام، ئەو مێردەزمەیەی تێیدا ژیا بووی کۆتایی هات.

باسەکەی گۆڕی:
- کەمێك بەر لەوەی ئەتۆ بێی، یەکێك لەو کچانەی لەگەڵ ئێمە رزگار کرا، لەگەڵ دکتۆرێك بووە ناخۆشیان، داوای دەکرد منداڵەکەی بۆ لەبار ببەن و ئەویش بەو پێیەی، کە یاسا رێگەی پیٚ نادات رەتیکردەوە، دەتۆ سەیری ئەمە بکە!

لەبەر حەپەسان لاڵ بووم، ئەویش لەسەرقسەکەی بەردەوام بوو:
- دەبیٚ ئەو یاسایە چۆن یاسایەك بیٚ، ژن ناچار بکات سەرەڕای ئەتکردنی هەم کەرامەت و هەمیش مرۆڤبوونی، دەبیٚ بە (بەر)ی ئەو ئەتکردنەی وا لە هەناوی دایە رازیبیٚ؟

زمانم لە گۆکردن وەستا!
یەمینە بێ دەنگ بوو، مەرگ لە پەنجەرەوە هاتە ژوورێ و لە تەکی دانیشت.. دەبوایە بەر لەوە پەنجەرەکەم داخستبایە ئیزنم لێوەرگرت و بۆ کەمێك وەدەرکەوتم، ویستم شتێك دەربارەی ئەو باسە بزانم بۆیە چوومە لای دکتۆری نۆرەدار.

لەگەڵ پەرستارێکی ژن دا خواردنی دەخوارد، لە دەرگە کراوەکەم دا و چوومە ژوورەوە، بەڕوومدا خەنیەوە و گوتی:
- هەواڵت پێگەیشتووە و دەتەوێ بزانی چۆن چۆنییە؟

وەڵام دایەوە:
- تا خواردنەکەت تەواو دەکەی چاوەڕێ دەکەم.

پاشماوەی بابۆڵەکەی لەلایەك داناو پێی گوتم:
- وای دانێ بۆییم لە باربرد، چی لە دۆسیەکەی بنووسم؟

سەرەتا دەبێ لێکۆڵینەوەی پۆلیسم لەلا بێ، تا بیسەلمێنی ئەو ژنە قوربانی دەستی بەزۆر لاقەکردنی تیرۆرستان بۆتەوە.

لە قسەکانیدا هەستم بە تووڕەیی کرد، پێم گوت:
- وەکو رۆژنامەنووسێك ناتدوێنم، بەڵکو وەکو خۆتێهەڵقورتێنەرێك[١٤] یان وەك هاوڕێیەك ئەگەر رێگەم بدەی گفتوگۆت لەگەڵ دەکەم، ئێمە چەندین ساڵە یەکدی دەناسین!

---

١٤- واتە (فچولیە) فزووڵی. (و)

تووڕەییەکەی نیشتەوە و بە هێمنانەتر گوتی:
- بڕوام پێبکە، لەحاڵەتەکەی ئەو دەگەم، سکپڕیەکەی لە هەفتەی دووەمدایە، ئەمەش وادەگەیەنێت هەلی لەباربردنی هێشتاکەش ماوە، بەڵام ئەگەر لەخۆوە ئەو کارەم کرد، ئەوا یاسا بەزەیی پێمدانایەتەوە...
- باشە چی بکەین؟
- هەرکاتێك لێکۆڵینەوەکەمان دەست کەوت، هەموو شتێك بە ئاسانی رایی دەبێت.

وەکو دکتۆر بۆی چوو بوو کارەکە وا ئاسان نەبوو، ئاگاداربووم وا لە بەشی پۆلیس دا، هێشتاکەش بەدواداچوون دەستی پێنەکردبوو! یەکێك لە ئەفسەرەکانیش پێی گوتم: رەنگە ئەوە سەخت بێ، لەوە دڵنیابین ئەوان رفێندراون یان بە خواهیشی خۆیان چوونەتە چیا و پەیوەندیان بە تیرۆرستانەوە کردووە؟ زۆربەیان بەڵگەی سەلمێندراویان لەسەر هەیە کە سەر بە یەکێك لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان و لەوانەش جەبهەی ئەلئینقاز بوون.
- پێم گوت: ئەو هۆیە بەس نییە تا بەوە تاوانباریان بکەن؟

بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:
- دەی کەواتە هۆکاری بێتاوان بوونیان چییە؟

وەڵامم دایەوە:
- دەبێ ئەو ژنەچ جۆرە ژنێك بێ بەخۆی بچێتە بارەگای حیزبێك و داوای ئەندامبوونی بکات؟ ئەتۆ باش دەزانی سەرەڕای ئەوەی کە هیچ پەیوەندیەکیشیان بە

سیاسەتەوە نییە، بەڵام زۆرجار پیاوێكی خێزانەكەیان وەكو ئەندامێكی حیزب ناویان تۆماردەكەن!

بۆئەوەی حاڵیم بكا كە كاتەكەی كەمە، سەیری كاتژمێرەكەی كردو گوتی:

- كە دەستمان بە لێكۆڵینەوە كرد، رەنگە بگەینە ئەو راستییە، لە دوای دوو سێ هەفتەی دیكە سەردانمان بكەوە..

بە نەرم و نیانی و رێزەوە دەركرام، منیش ئاسایی وەرم گرت. ئەوەشیان بەشێكی هەرە خراپی كارو پیشەكەم بوو.

بۆ شەوێ، لەبەردەم پەنجەرەكەدا زۆر وەستام، رووناكییەكان بەسەر شۆستەكان دا خامۆش دەبوونەوە و بێدەنگیش گەورەی شەقام بوو (( Seul Le sience a du Talent))[١٥]. بۆیە دەبینین قسەنتینە رەوانبێژتر بووە، هیچ جارێكیش بەو شێوەیە شۆخ و شەنگ نەبووە، هەرگیزاو هەرگیزیش جارانی پێشووی وەكو ئێستاكەی شاعیرانە نەبووە، لە شووشەكە نزیكتر كەوتمەوە و ماچیم كرد، بەگوێ پێنەدان شانەكانی هەڵتەكاند و لە دوای لەمپەرێك لە باران خۆی دوورخستەوە. قسەنتینە ئا بەم شێوەیەیە.

تامەزرۆت دەكا و بڕوای بە خۆشەویستی نییە، دەتورووژێنێ و بڕوات پێناكا، بەرەو توانەوە كەمەندكێشت دەكا و وازت لێدێنێ، بۆ هەمیشەش خۆی دەخاتە نێو بێدەنگییەوە.

چەندین پەڕە كاغەزم لەوانە هەڵگێڕ و وەرگێڕ كرد، كە لەسەر مێزەكەم خەوتبوون، لەبەردەم كاغەزەكەی دوێنی هەڵوەستەم كرد.

بە بەردەوامبوونم لەنووسین دووبارە تاوانبارم كردیەوە.

---

١٥- ((هەر بە تەنها بێدەنگی بەهرەی هەیە)) دەربڕینێكی مالك حەدادی نووسەری جەزائیری.

ئەتۆ و ئەو شارە زۆر لەیەکتری دەچن، سەرەڕای ئەو هەموو نووسینەی لەبارەی تۆوەم نووسیوە، بۆچی منت نایەتەوە یاد؟

دە پێم بڵێ ئەتۆ بەڕاستی تێم نەگەیشتووی، (ئەتۆ) یەك، کە دەزانی (( Le romacier ne romance que savie))[١٦] دە بەڕاستی پێم بڵێ؟

تا نیوە شەوێ نووسیم، چەندین پرسیاری دیکەم رزگار کرد و چەندین یادەوەری دیکەشم ئازاد کرد، پاشان لەنێو جێگاکەم دا راکشام، هەوڵم دا بخەوم، کەچی بێهوودە بوو! وەکی بڵێی بۆ یەکەمین جاری بێ.. ترپەی دڵم خێراتری لێدەدا، بە چەشنی هاتنی بەهار تەواوی هەستەکانم وەئاگاهاتوون، بەدوای یەکدیەوە هەر خەون دەبینم.

بێهوودە هەوڵمدا دەرگاکانی یادەوەریت لەسەر داخەم، لە تەواوی کون و کەلەبەرەکانەوە پەیدابووی، لە شێوەی تیشکێکی رووناهی کە بەسەر ژووره تاریکەکەم دادێت.. ئەتۆم بینی، تەواو لێم نزیك کەوتبوویەوە، هەروەکو رۆژەکەی جاران بە کاڵەیەکی وەرزشی مارکە ((nike)) بووی، پانتۆڵێکی ((جینز))ت لەبەر بووکە رەنگەکەی کاڵ بوو، بە خۆت و کراسە سپییە وەرزشییەکەتەوە، لەگەڵ هێمنییەکەت بۆنی ((Fa))ت لێدەهات دەفتەرەکەی لێمت وەرگرتبوو، بۆت هێنامەوە و پێت گوتم:

- دەی دڵنیابە کە دەفتەرەکەت بە تەواوەتی بۆ گەڕێندراوەتەوە.

پێم گوتی:

- لەوە دڵنیام کە تەواوە.
- بەچی دەزانی، چووزانی پشیلەکەم یاری بە هەندێك لە پەڕەکانی نەکردووە؟
- چونکە پشیلەی تۆیە.. لێی دەبوورم.
- وەلێ من لێی نابوورم.

---

١٦- ((رۆماننووس هەر تەنها ژیانی خۆی دەنووسێتەوە)) هی مالك حەدادە.

پێکەنیم، پاشان کردمەوە، بینیم باخچەیەك بە بەر لووتم داهات.
ئەو رۆژەی یادی حەڤدە ساڵی تەمەنم بوو.
- گوتت هەموو ساڵێکت هەر بەخۆشی بێت.

کارتە گوڵینە بۆندارەکەم کردەوە و خوێندمەوە:
((Poesie tun’es que poe sie danes ma vie))[17]
ئا ئەوەتا وا لەنێو ژیانتدا هۆنراوەیەکی فەرامۆش کراوم.

وا دوازدە ساڵی بێ تۆیم لێگوزەرا، هەوریش مانگی زستانەی داپۆشیوە، چیتر بەهەشتە بچووکەکەمان رووناك ناکاتەوە، کە رۆڵی ئادەم و حەوامان تێدا گێڕا. ئەوەتا پەنجەرەکەم،کە بەسەر شەقامێکی چۆڵ و هۆڵ، بەسەر دارێکی تەنیا، بەسەر ستوونێکی شکاوی کارەبا، بەسەر ئەو چاوانەی قسەنتینە کە بێداری کەشەنگیان کردووە.. دەکرێتەوە.
ئەو تەنها شەڕ و گێچەڵ هەر بە چاوانی تەنیا دەفرۆشێت.

نازانم چەند کاتژمێر لەنێو نوێنەکەم جینگڵم دا، بەڵام درەنگ لە خەو رابووم، کچەکەی هاوژوورم رۆیشتبووە دەرەوە، سەرم تژی لە یادەوەری و مێردەزمەیە.

یەمینەم هاتەوە یاد،
بەخێرایی خۆم ئامادەکرد و چوومە دەرەوە.

*　　*　　*

١٧- شیعر، بێجگە لە شیعرێك لە ژیانم دا چی دیکە نیت ، ماناکەی لە دەربڕینێکی مالك حەداد وەرگیراوە ((Poesie tout nes’t que poesie dans la femme)) واتە شیعر، لە ژندا هەموو شتێك هەر شیعرە.

# ئەم سەرو ئەو سەرکردنی مەرگ

مەرگ ڕێك لە تەنیشتی وەستا بوو، پێداگیریم لەوە کردبوو هەرگیز لە بەرامبەریدا نەگریم، لێی نزیك کەوتمەوە، دەستم لە هەردوو دەستە مردووەکانی دا، ساردو سڕی بە شێوەیەکی زۆر ترسناك ئەوەی دەربڕی، بەڵکو مەرگ وای گوت. شڵەژام، چوومە لای پەنجەرەکە تا دایخەم، بەڵام زووتر گوتی:

- دایمەخە.. هەندێ هەوام گەرەکە.

- بەڵام دەستەکانت وەکو تۆپەڵە بەفرێکن!

- بەفر گڕی تووڕەیی خامۆش ناکات، هیچ شتێك خامۆش ناکات.

نەمزانی چی بۆ بڵێم، تا زیاتر نەشڵەژێم میلی رادیۆکەم بادا.

کچە بێژەرەکە گوتی:

- ئەمڕۆ ڕۆژی درۆکردنە، درۆیە جوانەکانتان ئامادە بکەن و پەیوەندیمان پێوە بکەن، جوانترین و شیرینترین درۆ هەڵدەبژێرین و دیاریەکی جوانیشتان پێشکەش دەکەین.

به یەمینەم گوت:
- ئەمڕۆ یەکی نیسانە، هیچ کەسێك درۆی بۆ نەکردووی؟

لەگەڵ ئەوەی خەم پێکەنینەکەی بەر نەدەدا، وەڵامی دایەوە:
- ئەورۆ تاکە رۆژ بوو کە تاڵاوی راستیم تێدا چەشت!!
- (لێم پرسی) بۆچی؟
- لە رێگەی پۆلیسی ئاریسەوە پەیوەندیان بە باوکمەوە کرد، ئەفسەرەکە پێی ڕاگەیاندم نایانەوێ چیتر بمگرنە خۆ!؟

کەمێك گریا و پاشان گوتی:
- تەنانەت لە سەرەتاوە نکۆڵی لەوە کردبوو کچێکی هەبووبێت!

سەرلەنوێ فرمێسکەکانی قەتیس مان، دەستیم گوشی، ئەویش بە پەنجە لاوازەکانی دەستەکانی گوشیم و گوتی:
- ئەفسەرەکە لێی پرسیم ئاخۆ رفێندراوم یان بە خواهیشتی خۆم و بە تەنیا پەیوەندیم بە تیرۆرستانەوە کردووە، دەسا ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت؟

بۆ سووککردنی بارەکەی، قسەکەیم پێ بڕی:
- ئەوە تەنها لێپرسینەوەیەکی ئاساییە...

ئەویش قسەکەی پێ بڕیم:
- لێپرسینەوەیەکی ئاسایی بۆ کەسێکە کە لەسەرەمەرگدایە؟
- هەموو شتێك کۆتایی پێدێت، خۆشت دەیبینی کە دەنگی تەڕایی فرمێسکی دەدا و گوتی:

- بیری ((بوحا))*ی برام دەکەم.

- تەمەنی چەندە؟

* ئەمازیگەکان(بەربەرەکان) بە محەمەد دەڵێن : بوحا.

- نزیکەی دە ساڵان دەبێ، لە تەکم نەبا نەدەخەوت، بە دەستی من نەبا نانی نەدەخوارد، بەردەام ((مەفاس))[18]ی بێ بیبەرم بۆ ساز دەکرد، ئەویش وەکو دیاری هەڵاڵەی بۆ دەچنیم، لێدەگەڕام وشك بێتەوە، لە چەند کیسێکی بچووکم دەکرد و لەناو جلوبەرگەکانم دەشاردنەوە، چونکە بۆنێکی خۆشیان پێدەبەخشی.

-بێجگە لەو.. خوشك و برای دیکەت هەن؟

- ((حەددە))ی خوشکم شووی کردووە و پێنج منداڵی هەیە، عەلی برام لە ریزی سوپا دایە،دەیویست هاوینی داهاتوو ژن بگوازێتەوە، بەڵام لە هەمان ئەو شەوەی منی تێدا رفێندرام، دەزگیرانەکەی ئەویش رفێندرا! چەندین شەو و رۆژیش لەگەڵ مندا بوو، پاشان بۆ جێگەیەکی دیکەیان برد...

بە زەحمەت هەناسەی دەدا، پێم گوت:

- ئەگەر ماندووی پشووێك بدە، زۆر مەدوێ.

وەڵامی دامەوە:

- نا، ماندوونیم، هەست دەکەم جەستەم مردووە، هیچ ئازاری تێدا نەماوە، واهەست دەکەم لێم جیا بۆتەوە!

- ئەوە لەبەر هێورکەرەوەکانە، سوپاس بۆخوا کە کاریگەری هەیە.

١٨- خواردنێکی بەربەریە لە پیتزا دەچێ، لە تەماتە و پیاز و بیبەری سەوزی تیژ و پارچە بەز پێکدێت.

درێژەی دایێ:

- یەحیای برام لە دواناوەندی ئاریسە، زۆر زیرەکە و نمرەکانی زۆر نایابن، عەلیش جەخت لەوە دەکاتەوە بخوێنێ تا ببێتە دکتۆر.

- ئەی ((بوحا)) وەکو ئەو نییە؟

هەمدیسان و وەکوجاری پێشووی پێکەنینەکەی بەئازارنرا، گوتی:

- ((بوحا)) بیرکۆڵە، بەڵام کوڕێکی باشە، چی پێ بڵێین تێی دەگات، چارەنووسی وای هێنا، هەروەك دەڵێن سك و زا هەم ساغ و هەمیش ناتەواو بەرهەم دەهێنێت.

ململانیی مەرگی نەدەکرد، بە تەسلیم بوون خۆی دابووە بەردەستی، منیش لەوە نەدەگەیشتم وا لەلای خۆیەوە بۆچی درێژەی پێدەدا، دەیتوانی بەیەکجاری پشووی بداتێ، بەڵام ئەندام بە ئەندام، لێی داگیر دەکرد، لەگەڵی دادەنیشێت، گاڵتەی لەگەڵ دەکات، وا دەچرپێنێتە گوێی، لەو زووانە ئەو کارە کۆتایی پێدێت، هیوایەکی بۆ دەربازبوون پێدەبەخشێ، بوارێکی واش دەڕەخسێنێت تا هەست و سۆزەکانی زیاتر ئازار بدات.

- دڵنیام ئێستاکە دایکم دەگریێ.

- زۆر بیر لەو شتانە مەکەوە کە ئازارت دەدەن.

- ئەو شەوەی تیرۆرستەکان بە سەریان دادایین، دایکم لێیان پاڕایەوە، قاچەکانی ماچکردن، تکای لێکردن وازم لێبێنن، بەڵام یەکێکیان بە قۆنداغە تفەنگ لەسەریدا و لە هۆش خۆی چوو، کە باوکیشم هاتە تکاو رجاییێ، یەکێکیان پێی گوت:

((کوڕەکەت ڕەگەڵ تاغووت کەوت، ئەمەش پاداشتەکەتە چونکە لێی گەڕای ئەو کارە بکات)).. یەکێکیان کوڕی دراوسێیەکمان بوو، باوکم رووی تێکرد و پێی گوت:

- ئەی نازانی هەژاری ناچاری کرد بچێتە ریزی سوپاوە؟ کوڕە دراوسێکەمان تفێکی لێکرد و باوکیشم لە ترسی چەکەکانیان بێدەنگ بوو.. شەوەکەی ترسناك بوو، چاوەکانیان دڕو ریشیشیان درێژ بوون، تا ئێستاکەش بۆنە ناخۆشەکانیان لە لووتم دا ماوەتەوە، بە بۆنی نەخۆشی، ئارەقە و پیس و پۆخڵی دەچوو.

بێدەنگ بوو، پاشان هەناسەدانی خێراتر بوو، پاشان دەستی بە لەرزین کرد، رامکردە لای دکتۆر و لێی گەڕام چارەسەری بکات، خۆشم لە سالۆنەکەدا چاوەڕێم دەکرد.

کاتژمێرێك رابوورد..

یەمینەش خەوی لێکەوتبوو..

دکتۆرەکە زۆر گەشبین نییە، مەرگیش لەو دەوروبەرانە پیاسە دەکا، سەرەڕای ئەوەی ئێمە خۆمان بە ژیان هەڵواسیوە، کەچی ئەو گاڵتەمان پێدەکات.

- دکتۆر، دەمرێ.. وانییە؟

ئاماژەی سەری بە بەڵێ وەڵامی دایەوە و گوتیشی:

- هەر بە بڕین هەناویان بڕیوە، سەیریشم پێدێ تا ئێستاکە چۆن ژیاوە!؟

بیرم کردەوە کەمێك لەلای بم، گەڕامەوە لای.

کتێبێکم لە ژانتاکەم دەرهانی و دەستم بە خوێندنەوەی کرد. دەمی نیوەڕۆ سەرلەنوێ چاوەکانی هەڵێنان. رەنگە زەردەکەی کە هەردوو لێوی رەنگڕێژ کردبوو.. خەنیەوە. رەشێنەی چاوەکانی پەڕی بوو، نیگای بە ئاسمانەوە هەڵواسرابوو.

به دەنگێکی نووساوەوە گوتی:
- دەمەوێ ئەو کراسەی بۆت هێنابووم بیکەمە بەرم.
پێمگوت: - باشە.

سەرپۆشەکەم لەسەری لادا، کراسەکەیم داکەند، جەستەکەی تەواوی جێی ئەشکەنجەدان، رووشان و شوێن ئەو برینانەی بەسەری هات بوو.. ئاشکرا کرد.

چەشنی منداڵێکی بچووك دەستەکانی را دا، پەلەی لێم دەکرد کراسە نوێکەی بکەمەبەر، زیاتر پێخەنی و گوتی:
- ئەوەیان جوانترین دیارییە کە لە ژیانمدا وەرم گرتبێت، سوپاست دەکەم.

دوای چەند ساتێك خەوی لێکەوت.
بە هێواشی کەروێشکە بچووکەکانم داپۆشی و خۆم دزیەوە.

دکتۆرەکە گوتی:
- ئەگەر پەرجوویەك رووبدات.. لەوانەیە بژییێت!!

لە بارەگای رۆژنامەکە و لەناو ئۆفیسەکەم دا نەمتوانی بنووسم، رەنگە زەردەکە کەللەی پڕکردبووم و کەروێشکە بچووکەکانیش لە یاری کردن وەستا بوون، جێ دەستی ئەشکەنجەدان و رووشان و شوێن برینەکانیش بەسەر کاغەزەکەدا پەرش و بڵاو ببوونەوە.

میلی رادیۆکەم بادا، ئەو کتێبەم کردەوە کە خەریکی خوێندنەوەی بووم، بەشێکم زیاتر خوێندەوە، بڕیارم دا بڕۆم.

دار زەیتوونەکان لە رۆخی رێگەکەدا وەکو کۆمەڵە منداڵێکی نێو هەتیوخانە وابوون، لەکاتی خۆرئاوابوونیش ئاسمان خۆڵەمێشی و وەنەوشەیی خۆی دەنوێنێ، بۆ لای یەمینە دواکەوتم، نەدەبوایە بچووبمایە ((رۆژنامە))، هەنگاوەکانم هەڵێنان، بڕیارم دا رێگەکە کورت کەمەوە، تەکسییێکم گرت و بەرەو نەخۆشخانەی زانکۆیی کەوتمەڕێ.

کە گەیشتم، لەو نهۆمەی کچە لاقەکراوەکانی تێدان، هەستم بە باری نائاسایی کرد.
- پرسیم: ئەرێ چی رووی داوە؟

پەرستارێك وەڵامی دایەوە:
- یەکێك لەکچەکان لەناو ئاودەستەخانەکە خۆی کوشتووە.

بەرەو لای ژوورەکەی یەمینە رام کرد، هێشتا هەر خەوی لێکەوتبوو، لە پرمەی گریانم دا، لەوە ترسام نەکا ئەوبێ؟ کەچی ئەو وا لێرە، و لەگەڵ بۆنی پرتەقاڵ و کەروێشکە بچووکەکانی، لەگەڵ خەمەکانی فەلەستین دایە، کە لەگەڵ دەنگی شمشاڵێك دا لە رادیۆیەکە بەرز دەبۆوە. فرمێسکەکانم سڕی، ئەوسا هەناسەی ئاسوودەییم هەڵکێشاو چاوەدێری سینەی پڕ بەرائەتەکەیم دەکرد، کە بە هێمنی پارچە موزیکە تایبەتییەکەی خۆی دەژنێ[19] .

ژانتاکەم لەلایەك داناو لە ژوورەکە وەدەرکەوتم، تا سۆراخی ئەو رووداوە بکەم.

- هەر ئەو کچەی کە دوێنێ داوای لەباربردنی منداڵەکەی کرد، لە بەرامبەریدا هەست بە جۆرێك لە تاوان دەکەم، دکتۆرەکە وایگوت!

---

١٩- مەبەستی لەوەیە هەناسەدان و ئەو پرخەیەی کاتی خەوتنیان، پڕی بەرائەتە و بە ژەنینی پارچە موزیکی هێمنی دەچوێنێ. (و)

ئازار قەفەسەی سنگی گرتم، پێم گوت:
- ئێستا هەست بە تاوانباری خۆت دەکەی Cest gentil[20] هەی کاکی دکتۆر!؟

لەگەڵ ئاخافتنی دا نیشانەی کاریگەری بە روخساریەوە دیاربوو!

- بڕوام پێبکە بەرامبەر حاڵەتەکەی سەرم لێشێوابوو، یان روونتر بیڵێم بێ توانا بووم، ئەمڕۆ و لەدوای لێپرسینەوەی پۆلیس، داوای دۆسیەکەیم کرد تا لەباربردنەکەی بۆ ئەنجام بدەین، بەڵام ئەفسەرەکە پێی گوتم تا وردو درشتی ئەو لێکۆڵینەوەیە تەواو نەبێت، کە رەنگە مانگێك تا دووان بخایەنێ.. ناکرێ دۆسیەکەی داوا بکرێت، کە (رزیقە)ش ئەوەی زانی...

قسەکەیم پێ بڕی:
- (رزیقە) کێیە؟
قسەکەی تەواو کرد:
- ئەوەی کە خۆی کوشت، کاتێ بەو کارەی زانی بڕیاری دا کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ! بەو نامەیەی جێی هێشت بەڕاستی کاری تێکردم.
- نامە؟

- بەڵێ.. نامەیەکی بەناوی منەوە جێهێشتووە، وەسیەتی کردووە تەواوی ئەندامەکانی جەستەی بۆ ئەو نەخۆشانە ببەخشرێت کە پێویستیان پێیەتی، پێدەچێ خوێندەوار بووبێت، بێگومان لە زانکۆی خوێندووە، بۆیە کارێکی وای کردووە.

*　　*　　*

٢٠- سوپاس بۆ ئەو لوتف نواندنەت.

# ((باڵندەکان خۆیان حەشار دەدەن تاوەکو بمرن))[21]

تەنانەت گوڵ لەسەر گۆڕیش دەڕوێت.

((رزیقە)) مرد، ((راویە))ش کەوتۆتە شێتخانە، هێشتا یەمینەش دەستی بە کەروێشکە بچووکەکان و گۆرانییەکانی ((سیرتا))[22] و چیرۆکەکانی غادە ئەلسەممانەوە گرتووە. هەرسێ کتێبی خوێندەوە، داوای لێکردم کتێبی چوارەمیشی بۆ بێنم، بیرم کردەوە دەستنووسەکەمی بۆ بێنم، کە تا ئێستا بڵاوکەرەوەیەکم بۆ نەدۆزیوەتەوە، لەلای یەکێکیانم دانابوو، زۆری کەیف بەوە دەهات ناوەکەی ((محجوبات))ە، ئەو رۆژەی چووم گرێبەستەکەی لەگەڵدا ئیمزا بکەم، لێی پرسیم:

- کتێبەکە چەند (Recettes)ی تێدایە؟[23]

دیاربوو کتێبەکەی نەخوێندبۆوە، پێم گوت:

- باسی کامە کتێب دەکەی؟

---

٢١- ناونیشانی زنجیرەیەکی کۆنی تەلەفزیۆنی فەرەنسییە.

٢٢- ناوە کۆنەکەی قسەنتینەیە.

٢٣- چەند جۆرە دروستکردنی خواردنی تێدایە.

پرسیارم لێکرد و سەرنجی بێ سەروبەری روخسارەکەیم دا، پرچێکی بۆر و گڤاوی ماش و برنجییەکەی، چاوێکی لەوەکەی دیکەی بچووکتر بوو، بەڵغە بابەی شۆڕ ببۆوە، لەبەر جگەرەکێشانی زۆریشی لێوەکانی شین هەڵگەڕابوون، نینۆکەکانی پیس بوون، نینۆکی پەنجە تووتەی درێژ بوو، سەرەڕای جلو بەرگە شیك و بیانییەکەی، وەلێ بە هەر شتێك بچووبا، بە بلاوکەرەوە نەدەچوو.

کە لە وەلامدانەوە دوو دڵ بوو، پێم گوت:

- لەو خواردنانەی مەحشین، ناواخنەکە لە هەموو شتێك گرنگترە، دەبێ پێکهاتەکان لەگەڵ یەك بگونجێن و خاوێن بن، مەبەستم لەو پلارتێگرتنە خۆی بوو، بەلام تێنەگەیشت.

گوتی:

- باشە ئەتۆ لە کتێبەکەت دا گرنگیت بە ناواخنەکە داوە؟

پێم گوت:

- بۆ ئەو پرسیارەم لێدەکەیت؟

گوتی:

- ئەی کتێبەکەت دەبارەی (ئەلمەحجووبە)[٢٤] نییە؟

لە قاقای پێکەنینمدا و وەلامیم دایەوە:

- ئەوە کۆمەڵە چیرۆکێکە؟

---

٢٤- خواردنێکی وەك کوببەیە، بە پیاز و تەماتە و شتی دیکە پڕ دەکرێت.

بەڵغەبابەکەی خوراند و بەبێ هیچ شەرمکردنێك گوتی:
- خاتوون.. تایبەتمەندیم لە چاپکردنی چیرۆکان نییە[٢٥].

دەستنووسەکەم هەڵگرت و چوومە دەرەوە.
ویستم لەلای بڵاوکەرەوەی دووەم روونتر بم ، ناوونیشانی کۆمەڵەکەم کردە ((بووکەڵە رۆژهەڵاتییەکان)).
هەر لە هەوەڵەوە زانیم کەسێکی نەخوێندەوارە، کۆمەڵەکەی خستە نێو پەنجەکانی و دیقەتی ئەستوورابیدا، پاشان بانگی کەسێکی ناو (مازن)ی کرد، لە زاراوە و ناو و رووخساریەوە وام دانا سوورییایی بێت، پێم گوت:
- ئەتۆ سووری وانییە؟
وەڵامی دایەوە: چۆنت زانی؟

یەکێك لە ئارەزووەکانم ئاخافتن بە زاراوەکانی عەرەبی بوو، بەلاساییکردنەوەی زاراوەکەی گوتم:
- زیرەکی ناوێ، میسرییەکان بە حوسنی موبارەك، لیبییەکانیش بە قەززافی، سووریاییەکانیش بە حافیز ئەلئەسەد دەچن...

بڵاوکەرەوەکە پێخەنی، مازنیش پێخەنی و پاشان گوتی:
- ئەی ئێوە بۆ بە سەرۆکەکەتان ناچن؟

بە گاڵتەوە گوتم:
- لە جەزائیر هەموو سەرۆکین، لەبەر ئەوەشە هەر کەسە و بە خاڵی خۆی دەچێ!!

---

٢٥- واتە کاری چاپکردنی کتێبی ئەدەبی ناکەم، عەرەبیەکەشی (لقصائص خاگینی یا ئنسە). (و)

بڵاوکەرەوەکە گوتی:
- ئەو کەشتیەی کەشتیوانی زۆر بێ نقووم دەبی[26].

نەخوێندەوار بوو، بەڵام لە بڵاوکەرەوەکەی پێشوو جیابوو، دەستنووسەکەی دایە مازن و پێیگوت: بیخوێنەوە و وەڵامی خاتوون بدەوە. پاشان رووی قسەی لەمن کرد:
- دەستنووسەکەت بچووکە، رەنگە پارەیەکی وا زۆرت نەچێ، پرسیم:
- پارەیەکی کەم، لە دەوروبەری چەند؟

وەڵامی دایەوە:
- لە دەوروبەری پێنج ملیۆن.
- بەڵام ئەو پارەیە بۆ من زۆرە!

گوتی:
- گەر کتێبەکەت باش بوو، ئەوا شێوازێك دەدۆزینەوە تا لەسەری رێك بکەوین.

کە لە ئۆفیسەکەدابووم و لەدوای هەفتەیەك پەیوەندی پێوەکردم، پێی گوتم دەستنووسەکەم جوانە و شایانی بڵاوکردنەوەیە، چووم تا بیبینم و رێککەوتنەکە تەواو بکەین، کەچی بەداوای شوو پێکردنی سەرسامی کردم، بەراشکاوانە پێی گوتم:
- ژنێکی رۆشنبیرم دەوێ لە ئاستی ژنی هەندێك لە بڵاوکەرەوەی عەرەب، یان ئەو کەسایەتیانە بێ، کەسەروکارم لە گەڵیاندا هەیە. لە تەمەنی باوکم بوو، بێگومان سامانەکەشی بە هانایەوە نایەت تا ئاستە زانستییەکەی بەرەو پێشەوە ببات، داوای لێبووردنم لێکرد.

---

٢٦- پەندێکی جەزائیریە: واتە هەر کەشتیەك کاپتنی زۆر بێت نقووم دەبێت.

دەستی خستە ناو دەستم و تەوقەی لەگەڵ کردم، پاشان گوتی:
- کەواتە پارەکەت ئامادە بکە، منیش کتێبەکەت بۆ چاپ دەکەم.

*    *    *

سەرەڕای لاوازی و داهێزرانی، ئەوێ شەوێ یەمینە باشتر ببوو، زۆری قسەکرد، بەسەرهاتی ((رزیقە))ی بۆ گێڕامەوە:

- لە هەموومان شۆخ و شەنگتر بوو، بۆیە ئەمیر بۆ خۆی برد، بەڵام هەروەکو کێویەك بەڕوویدا هەڵشاخا، دەم و چاوی رووشاند و خەریك بوو چاوێکی کوێر بکات، رێك لە سەرچاوی نیشانەیەکی بۆ جێ هێڵا، ئەو هیچ و پووچە داوای یارمەتی لە دوو پیاو کرد و هەر لەبەر چاوی ئەوانیشەوە بەزۆر لاقەی کرد!

جارێکیان هەوڵی راکردنی دا، بەڵام مارێك پێیوەدا، لە حاڵێکی زۆر نالەباردا دۆزرایەوە، دکتۆرێکی تیرۆرست چارەسەری کرد.

قسەکەم پێ بڕی:
- دکتۆر بێ و تیرۆرست بێ! ئەوە چۆن دەبێ؟

وەڵامی دایەوە:
- هەندێکیان ((خوێندوویانە))[27]، تەنانەت بە خۆی یەکێکی لە وان ناسییەوە لە کۆلێژ بەیەکەوە بوون، لەناو چیا دەرمان و تەلەفۆن و گەلێك کەلوپەلی دیکەیان هەیە.

---

٢٧- واتە خوێندەوارن.

لەوە ترسام  زیاتر دوا بکەوم، خەریك بوو شەو بنەو بارگەی لەسەر بانەکانی قسەنتینە دەخست، چاوەکانیشی بۆ شەونخوونی ئامادە دەبوون، روخسەتم لێوەرگرت و بەڵێنم دایێ سبەی دەستنووسەکەمی بۆ بێنم. بەر لەوەی برۆمە دەرەوە لێ پرسیم:

- ناوی ئەو پەیکەرەی ها وا بەبان لووتکەوەیە چییە؟

وەڵامیم دایەوە:

- ئەوەیان لووتکەی ((سیدی مسەییەد))ەو پەیکەرەکەش ((سەیدەتول سەلام))[28]ە.

پاشان گوتی:

- ئەی پردەکە؟

وەڵامیم دایەوە:

- پردی ((سیدی مسەییەد))ە.

دووبارە پرسییەوە:

- کە خەڵکی بەسەریدا دەڕۆن.. دەلەرزێ؟

- کەمێك.

- ئەرێ زۆر بەرزە؟

- وابزانم بەرزییەکەی لە (١٧٠) مەتر زیاترە.

- بەڕاستی زۆر جوانە، ئاواتەخوازم بەسەریدا برۆم و بجووڵێ.

- کەی بە تەواوی چاك بوویتەوە، من و تۆ بەسەر ((پردی مەللاح سلێمان))دا رەت دەبین، ئەو هەر بۆ پیادەڕۆیانە، چێژ لە لەرزینەکەی وەردەگریت. لە شەقامی

---

٢٨- یانی ((خاتوونی ئاشتییە)).

هێڵی شەمەندەفەری ئاسنین پەیکەری ((قستەنتین))ت نیشان دەدەم، لەوەتەی (٣١٣) بەر لە زایین، ئەو شارە ناوەکەی ئەوی هەڵگرتووە، دەربارەی ئەوە.. سبەی زیاترت بۆ باس دەکەم، دواکەوتم، ئێستا دەبێ بڕۆمەوە.

لەگەڵ جێهێشتنی، دیم شادومانە، سەیرم پێهات خۆ کوشتنی ((رزیقە)) کاری تێنەکردبوو، وەك بڵێی پێشبینی دەکرد، وەك بڵێی ئاسایی وەریگرت، وەکو ئەوەی بۆی بە ئاواتە خواز بوو بێ!

وەدەرکەوتم، ترووسکەی چاوەکانی و بزە بۆ کردنەکەی، ماچە گەرم و گوڕەکەی کە لە روومەتی کردم.. ئەوانەم هەموو لەبەر دیدە مایەوە، ماچ کردنەکەی بەهی منداڵان دەچوو، ئەو هەر بە تەواوەتی منداڵ بوو.

* * *

بەر لەوەی بچمە ژوورەکەی خۆم، زەنگم بۆ دایکم لێدا، گوتی وا لە دەرەوە باران بەرێژنە دەبارێ و پوورە تونسیش نەخۆشە.. لەگەڵ چەند هەواڵێکی دیکە، هەر لەگەڵ داخستنی تەلەفۆنەکەوە هەموویم لەبیرکرد.

تەنها قسەنتینە خەمەکانی بەنی مەقرانم بیر دەباتەوە. لە ژوورەکە خواردنم لەسەر مێزەکە بینی و کاغەزێکی نووشتاوەش لەسەر سەر نانەکە بوو، کردمەوە، نامەیەکی هاوژوورەکەم بوو، بە پیتی گەورە نووسیبووی:

- ((تا هەفتەیەکی دیکە ناگەڕێمەوە، خوشکم منداڵی بووە و ناچارم لەلای بمێنمەوە.. سلاو.. فەریدە)).

شەوەکەم بە تەنیا بەسەربرد، تەلەفزیۆنەکەم بە داگیرساوی جێ هێڵاو نووستم، دەنگە دەنگەکە تەنیاییەکەی سووك دەکردم، لەبەر هۆیەك هەستم کرد ((چی برینم هەیە کۆن بووە)). بە گوتەی -محەمەد ماغووت[29]- بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەمەوە خۆم خستە باوەشی خەوەوە، وەلێ زۆر زوو خەبەرم بۆوە، دەربارەی ((رزیقە نزیکە شەش لاپەڕەم نووسی، نوێژی بەیانیم کرد، دووبارە دەستم بە نووسین کردەوە. لەو رۆمانەی دەینووسم زۆر چوومەتە پێشەوە، تەنانەت خەریکە کۆتایی پێبێنم. نزیکەی هەموو پاڵەوانەکانم کوشتووە، جگە لە نەسرەددین کەسی دیکەم نەهێشتۆتەوە، چەندینجار لە مەرگم دوورخستۆتەوە، هەزار هۆکارم بۆ سازاند تا چاوی پێم بکەوێت، بەلام کچە پاڵەوانەکەم، کە من ماسکەکەی ئەوم هەڵگرتووە، چیتر بیر لە خۆشەویستی ناکاتەوە، ئێستا کە بیر لە سەرهەڵگرتن دەکاتەوە، ئا ئەوەتە بە دەنگێکی کزەوە دەڵێ:

((هەرچیەك کە دەیبینی و دەیبیستی، دەستی لێدەدەی، هەڵی دەمژی، تامی دەکەی، هەرچیەك کە دێتەوە یادت، هەرچیەك چاوەڕێی دەکەی، ئەوەی چاوەڕێ دەکا، تەنانەت ئەگەر بە جلی ژێرەوەش بێت، داوای سەرهەڵگرتن یا راکردنت بۆ لای نزیکترین کەشتی یا شەمەندەفەر.. لێ دەکات:

خواردنە هەمەچەشنەکان
خواردنەوەکان
خزمەتگوزاریە گشتیەکان
بە ئاشکرا بەرتیل خواردن
دەنگی سترانبێژان

---

٢٩- شاعیر و نووسەرێکی بەرزی سوریایە.

هەرا و زەنای فرۆشیاران
سەرپێچیەکانی هاتووچۆ
نەخۆشییە سەختەکان
دەرمانە گومبووەکان
لە هەموو شوێنێکیش زێرابەکان سەر ئاوەڵان))[30]

((خالیدەکەم)) ماندووی کردم (خالیدەی نێو ئەو دەقە)، تا کۆڵانی ((رەحبە تولسوف)) بە دوای دا رام کرد. ((لەبەردەم قوتابخانەی (عەلی خوجە) وەستام. کە ئەو لەوێ وەستابوو و چاوەڕێی دەستە خوشکێکی دەکرد، ئەگەری ئەوەب هەبوو نەسرەدین لەوێوە رەت ببێت، بەلام بەباشتریزانی خۆی بخزێنێتە دوکانێك و بارانەکە تەڕی نەکات، چەترەکەی کردەوە و دەستە خوشکەکەشی لە قوتابخانە هاتە دەرەوە و بە یەکەوە کۆڵانەکەیان جێ هێشت..))

دەبوایە لە بری قسەنتینە شارێکی ترم بۆ پاڵەوانەکانم هەڵبژاردایە، قسەنتینە فێڵبازە، چێژ لە ئازار چەشتنی ئەڤینداران وەردەگرێت.

قوڕ و بەرد، قسەنتینە جگە لەو دووانە هیچ شتێکی دیکە نییە، گەرمایی هەست و سۆزەکانی.. لەگەڵ داکشانی دەریا، کە بەر لە سەدو پەنجا ملیۆن ساڵ لەمەوبەر داپۆشیبوو لە کورتی دابوو.

دەبوایە ((خالیدەکەم)) خەڵکی ((ئەلقالە)) بوایە[31]، دەبوایە رۆشنبیر نەبا، دەبوایە لە ورد و درشتی ژیانی دا وەکو ((ئەلقالە)) سادە و ساکار با، دەبوایە نەسرەددین شاعیر بایە، بهاتبایە ((ئەلقالە)) تا ئاهێکی بە بەردابێ، لە (کۆرنیشی

---

٣٠- محەمەد ماغووت.

٣١- شارێکی رۆخ دەریایە و لەسەر تخووبی تونسە.

مەرجان) یەکتریان بدیتبایە و دەمە و خۆرئاوا بوون مەلەیان بکردبا، بەردەوام لەگەڵ یەکدی بان و تەنها شەوان لێك جیابانەوە.

دەبوایە ((ئەلقالە)) بایە و ((قسەنتینە)) نەبایە، بەڵام قسەنتینە تەمومژاویتر و وروووژێنەرترە.

پەڕەکەم هەڵدایەوە...

دەربارەی شیمانەی چاوپێکەوتنێکیانم لە گۆڕەپانی ((ئەلعەقید عەمیروش)) نووسی، وەلێ ئەو و دەستە خوشکەکەی خۆیان بە میترۆکەدا کرد، ئەمیش هەنگاوەکانی بەرەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و رۆشنبیری هەڵێنا، چونکە هاوڕێیەکی چاوەڕێی بوو.

هەمیشە هاوڕێیەتی لە خۆشەویستی بەهێزترە، بۆیە شەقامەکانی هاوڕێیەتی یەکدی دەبڕن و باوەش بەیەکتریەوە دەکەن، هەرچی شەقامەکانی خۆشەویستییە، هەرگاڤێك یەکدیان بڕی، ئا لەوێوە هێمای: Sene interdit[٣٢] هەیە.

لە دەقەکەمماندوو بووم،

لە نەستمدا شتێك هەیە گەمە بە پەیوەندی نێوان پاڵەوانەکانم دەکات! شتێك لە شێوەی بەدبەختی دا هەیە و بەرۆکیان دەگرێت!

شتێك لە شێوەی بەدبەختیەوە هەیە و بەرۆکی من و نەسرەددینیش (نەسرەددینە راستەقینییەکە) بەر نادات.

- ماقوولە ئێمەی دانیشتووی هەمان شار، هەر لە (١٩٨٨)ەوە چاومان بەیەکدی نەکەوتووە!؟ بەڵام چیدیکە ئاریس شاری من نییە،.

---

٣٢- ئەو ئاڕاستەیە قەدەغەیە.

چیدیکە رابردوو شاری من نییە.

نەسرەددین بڕیاری دا لەنێو رابردوو بمێنێتەوە، قسەنتینەش منی فێری کردم چۆن خۆم تێکەڵی هەموو زەمەنێك بکەم.

*　　*　　*

خۆرەتاو ختووکەی هەموو پردەکانی دابوو. بێگومان ((سەییدە تولسەلام))یش باوێشکی دا و باڵەکانی بۆ بەهار ئاوەڵا کردەوە، بێگومان یەمینەش دەستی بە خەون بینین کردووە بەسەر پردێکی لەرزۆك دا بپەڕێتەوە.

تەواوی بیرکردنەوەم بەمەوە پەیوەست بوو.

کراسێکی دیکەی خەوتنم بۆ هێنابوو، وێنەی چەندین پاساری هەڵفڕیوی تێدابوو، بۆ داهێنانی قژیشی شانەیەك و پێنج دانە پرتەقاڵیشم بۆ هێنابوو. چەندین گۆرانی دیکە،و چەندین چیرۆکی دیکەشم بۆ هێنابوو، دەمەویست بە دەرزی لێدانێك تووشی فایرۆسی قسەنیتنەی بکەم، تووشی ڤایرۆسی ئەدەب و هونەری بکەم، دەمەویست سەرلەنوێ ئەڤینداری ژیان ببێتەوە، دەمەویست دەردەسەری نێو چیاکانی بیر بچێتەوە، پەتی رابردووی بپسێنێت، هەروەکو چۆن ئەو پردانە خۆیان راگرت، ئەمیش بۆ سەدان ساڵ خۆی رابگرێ، دەمەویست وەکو پتەوی تەواوی ئەو تاشە بەردانە ئەمیش پتەو بێت.

دەرگەی ژوورەکەیم کردەوە.

کەسێکم نەبینی، قەرەوێڵەکەی بەتاڵ و رێك و پێك بوو، زەنگەکانی دڵم بە هێمنی و دوور لە یەکدی لێیان دەدا...

تەمومژ ((سەیدەتولسەلام))ی داپۆشی، هەورەکان دەورەی قسەنتینەیان گرت، پەنجەرەکە دەمی لێکترازاند، پەنجەکانی بایەکە یاری بە پەردەکە کرد و چەند پەڕی کتێبێکیشی هەڵدایەوە.

ئەوە هەمان ئەو کتێبانەبوو، کە بۆ یەمینەم هێنابوون.. بە تەنیا و لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتووە. چەند هەنگاوێك گەڕامەوە دواوە، ترپەکانی دڵم ئاوێتەی خەم ببوو و خێراتریش لێیان دەدا، لەبەردەم پزیشکی ئێشکگر وەستام و پرسیم:

- یەمینە لە کوێیە؟

بە فەرەنسی وەڵامی دامەوە:

- Dans La morgue[٣٣].

هەندێك زمان بۆ ئەوە دروست بوون تا لە قورسایی مەرگ کەم بکەنەوە، چونکە هەندێکی دیکە کاریگەری و قورساییەکەی قورستر دەکەن.

دەستنووسەکەم لە دەست کەوت، بەسەر ئەرزەکە پەرش و بڵاوبۆوە، قسەکردن لەسەر زمانم بەربۆوە، بەسەر زەویەکە پەرش و بڵاو بۆوە.

- بۆچی مرد؟

بە هەمان زمان وەڵامی دامەوە:

- e’est la vie[٣٤].

کامەیان ئەوەی دیکەیان شی دەکاتەوە؟

---

٣٣- لەنێو ساردکەرەوەی مردووانە.

٣٤- ئیتر ژیان ئائاوایە.

که دەپرسین بۆچی فلانە کەس مرد؟ وەڵامان دەدەنەوە:
ئیتر ژیان ئائاوایە!!
- کەی مرد؟
- دوێنێ و لەدوای ئەوەی تۆ ڕۆیشتی، لە پڕ حاڵی تێکچوو، ئەوەی بۆمان کرا درێغیمان نەکرد، بەڵام چارەنووس لە ئێمە بەتواناتر بوو.

لەبەر دەرگەکەدا، گەنجێکی لاواز و ڕەش ئەسمەر وەستابوو، جلوبەرگی سەربازی لەبەر بوو، تەماشای چاوەکانیم کرد.. ناسیمەوە، ئەدگاری تەواو لە ((یەمینە)) دەچوو.

نەمویست چیدیکە خەم هوروژمم بۆ بێنێ، پشتم تێکرد و ڕۆیشتم. بە پیادەیی پردی ((سیدی مسەییەد))م بڕی، کە دوو ئۆتۆمبێل بەسەریدا ڕەتبوون، کەمێك جووڵایەوە.
گریام...
یەمینە دوا ئاواتت نەهاتە دی...

پردەکە بەبێی تۆ دەجووڵێتەوە، ئاواتەکان بەبێ تۆ هەڵدەبەزنەوە، کەروێشکە بچووکەکانت بۆ ئەبەد خەوتوون، دەستنووسە بەستەزمانەکەی منیشت نەخوێندەوە.

وای لەو ئاواتانەی کە نایەنە دی.. چەندە سادەن!
چەندە ئاسانە پەڕجوو بێتەدی! عەلی هاتە لات.
ڕۆژگاری من دەستی پێکرد و کۆتاییشی هات.
تەمەنی من دەستی پێکرد و کۆتاییشی هات.

هەموو شتێك بەرگی ماتەمینی پۆشیوە.

بەگەڕەکی ((ئەلقەسەبە))دا رۆیشتم، وەکو ئەوەی بەدوای جەنازەیەکدا دەڕۆم و دوایەش نەمزانی سەرم بە کوێدا کرد! بەڵام بەر لە خۆرکەوتن خۆم لەبارەگای رۆژنامە و نێو ئۆفیسەکەم دا دیتەوە، زۆرم نووسی و لە کۆتاییەکەشی گوتم ((ئاگاداری ژنان بن))[٣٥].

کاغەزەکانم تەسلیم کرد، دواین شکستەکانی خۆم تەسلیم کرد، بۆ رۆژی دوایی کە گەڕامەوە خانووی بەنی مەقران، ژانتاکەم بۆ سەرهەڵگرتنێکی درێژخایەنتر ئامادەکرد. گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ژیان لەنێو نیشتمان دا یەکسانی مردنە!؟

وای بۆ یەمینە چەندە گریام.
وای بۆ بەهاری زوو لە دەستچووی یەمینە چەندە گریام.
وای لەو بەهارەی چەندە بەهارێکی قستەنتینیانە بوو! چەندە لەو پردانەی کە دەلەرینەوە.. دەچوو!
((یەمینە)) چاولێکنێ...

((ئاریس)) ئارام و خەمبار بوو، چیاکانی نوێژیان دەکرد، شۆڕەبییەکانیش تەرتیلیان[٣٦] دەکرد، خانووەکانیش لە کڕنووشبردنێکی تەواودا بوون.
((یەمینە)) چاولێکنێ...

---

٣٥- دەربڕینێکە، پێغەمبەر محمد (ص) لە خوتبەی ئەلوەداع دا گوتوویەتی، مەبەستیشی ئەوەیە ئەزیەتی ژنان مەدەن. عەرەبییەکەی (رفقاً بالقوارير).

٣٦- ئایەت خوێندنەوەی بەدەنگ. (و)

خاك و خۆڵی نیشتمان بەرگی ماتەمیان بۆ پۆشیوی، هەرچی پرد هەیە پرسەی بۆ داناوی، تەنانەت سنەوبەریش، تەنانەت بەفریش...

((یەمینە)) چاولێکنیَ...

ئەگەر تۆ بە خوێن لەبەر ڕۆیشتنەوە نەمردبای، ئەگەر ئەندام لە دوای ئەندام جەستەت نەمردبا، ئەگەر کەم کەمە نەمردبای، ئەگەر ((رزیقە)) خۆی نەکوشتبا، ئەگەر ((راویە)) شێت نەبووبا، ئەوا دەم گوت هێشتاکە بەهار لە جەزائیر بێ کەم و کورتی و باشە.

لەو ڕۆژە بەدوا جەزائیر گوڵ و گوڵزاری تێدا نییە!

باخچەی تێدا نییە!

زەمین بە تفەنگی ((مەحشووشە ئەلماسورە)) چێنراوە، دارەکان بەری فیشەك دەگرن.

هەموو شتێك لەنێو ئەو کێو و هەردانە.. لە شەڕ، لە کوشت و کوشتار ڕاهاتووە. هەر لەسەرەدەمی یۆنانییەکان، لە سەردەمی ڕۆمانەکان، لەسەردەمی بیزەنتینەکان، لەسەردەمی ئەلوەندال، لەسەردەمی تورکەکان، لەسەردەمی فەڕەنساوە جەزائیر لە حاڵەتی کوشت و کوشتار دایە!

شەڕکردن بۆتە قیزەونترین خوو و خدەی، بۆتە خراپترین فیترەتی.

((یەمینە)) چاولێکنیَ...

((ئاریس)) پرسەی بۆ داناوی،

((تابەندوت))یش نوێژە مردووانەت بۆ دەکا،

((یەمینە)) چاولێکنیَ...

ئێره شوێنی هیچ مێینەیەکی لێ نابێتەوە، مەگەر تەنها ((نووستوو بن)).
چاولێکنێ...

ئەوا ژانتاکەم چاوەڕێمە،
لە نیشتمانیشمدا بەشم
لە ژانتایەکی سەفەر کردن زیاتر نییە.
چاولێکنێ...

پیترۆڵ و غاز و کانزاکان بکەرە سەرینت.
((ئیرەیی)) بکە سەرینت، کەوای لە نیوەی رۆڵەکانی جەزائیر کردووە بە پێخاوسی برۆن!
چاولێکنێ...

ئەوا ژانتاکەم چاوەڕێم دەکا، کە پشکی خۆمە لە نیشتمانم. ئا ئەوەتا قەڵەمەکانم چاوەڕێمن، کاغەزەکان چاوەڕێمن، ئەوا نادیارێکیش دەبێتە جێگرەوەی نیشتیمان!!

*    *    *

له فرۆكەخانەدا ((كۆننشینەكانی مەرسیلیا))[37] بە خۆیان و ((شیشانەكانیانەوە))[38]، كە رەچەڵەكە لادێییەكانیان وەدیار دەخات.. دەهاتن و دەچوون.

ژنێكی پاككەرەوەش بێ پەروا لە تۆز و غوباری وەردەداین، ئێمەش وەكو نیشتمانەكەمان هەموو بێ دەنگ بووین!؟

وەكو بارودۆخی نیشتیمانەكەمان.. هەموو پەست بووین!

ژنێكی تاراوگەنشین بەخۆی و كچە بچووكەكەیەوە لە پێشەوەی من دانیشتبوو، بە ئۆفف كردنەوە كچەكە گوتی:

- (il nya que de le m’erde dan ce Bled)[39].

بە هەمان زمان دایكەكەی هاواری كردێ: ((Tais toi)) yamina.

لەبەر ناوەكەی پێخەنیم، جگە لە چیانشین و تاراوگەنشینان، كەسی دیكە ناوە كۆنەكان ناپارێزن، هەروەها جگە لەوانیش كەسی دیكە دەست بە نیشتیمانیانەوە ناگرن. ((یەمینە))ی بچكۆڵە بێ دەنگ بوو، دەبوایە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەویش بێ دەنگ بوایە، دەبوایە هەر لە ئێستایەوە فێری زمانی بێ دەنگی ببێ! ئەوە نەریتێكی پشتاو پشتەو بۆمان بە جێماوە.

لە بلْند گۆكەوە دەنگێكی ژنانە بەهۆی دواكەوتنی فرۆكەكە داوای لێبووردنی كرد، ئەوەشیان هەر عادەتمانە، ئێمە هەمیشە لەدواكەوتن داین!

---

٣٧- ئەو كرێكارە جەزائیریانەی لە مەرسیلیا كاریان دەكرد، لەوێ كە پارەی خانەنشین بوونیان بە عوملەی سەعبەوە وەردەگرن.

٣٨- سەرپۆشێكە و لە جەمەدانی دەچێت.

٣٩- جگە لە پیس و پۆخڵی، ئەو وڵاتە.. چیدیكەی تێدا نییە.

رۆژنامەی ئەو بەیانیەم کردەوەو دەستم بە خوێندنەوەی هەواڵی مەرگ کرد، پەڕەکەم هەڵدایەوە.. ژمارەی مەرگ زێدەتر ببوو...

بە ئاخ و ئۆفەوە دامخست، پیاوێکیش کە لە تەنیشتمەوە بوو.. هەڵیدایێ:
- ((ئەرێ ئەوە رۆژنامەیە یا گۆڕستانە؟))[٤٠]

وەڵامیم دایەوە:
- تەواوی نیشتیمان بۆتە گۆڕستان!؟
ئیتر بێدەنگ بووین.

**(بیرووت-٢٤-نیسان-٢٠١١)**

---

٤٠- شیعری شاعیری جەزائیری عیزەددین مەیهوبییە بەناوی (رۆژنامە)

# دەربارەی نوسەر

## فەزیلە ئەلفاروق:

- لە خانەوادەیەکی بەربەری و لە (٢٠)ی نۆڤێمبەری (١٩٦٧)، لە (ئاریس)ی پایتەختی(ئەلئەوراس)ی خۆرهەڵاتی جەزائیر لە دایك بووە.

- ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندیی مالك حەداد، لە شاری قسەنتینە تەواو کردووە.

- دوو ساڵان لە زانکۆی باتنە پزیشکیی خوێندووە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی جەزائیر.

- ساڵی (١٩٨٩) لە زانکۆی قسەنتینە چۆتە پەیمانگەی زمان و ئەدەبی عەرەبی.

- لیسانسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ساڵی (١٩٩٤) وەرگرتووە.

- ماستەری لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ساڵی (٢٠٠٠) وەرگرتووە.

- خەریکی وەرگرتنی دکتۆرایە لە زانکۆی وەهران، کە دەکەوێتە خۆرئاوای جەزائیر(ئەمە لە کاتی چاپکردنی دەقە عەرەبییەکەدایە).

- لەرۆژنامەگەری بیسترا و نووسراو لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠)تاکو(١٩٩٥) کاری کردووە.
- دوای ئەوەی شووی بە پیاوێکی لوبنانی کرد،لەساڵی (١٩٩٥)ەوە نیشتەجێی لوبنانە.

- تائێستا ئەم کتیبانەی لە چاپدراون:
- **لحقه لاختلاس الحب** (کۆمەڵە چیرۆك).
- مزاج مراهقه(رۆمان).
- تاو **الخجل**(رۆمان).
- أقاليم **الخوف**(رۆمان).

## سوپاس و پێزانین:

زۆر سوپاسی شاعیرو وەرگێڕ کاك ( **ئەدیب نادر** ) دەکەم، کە سودێکی زۆرم لە بەشێك لە تێبینیەکانی وەرگرت، یاخوا نموونەی زۆربێت.

سەرچاوەی ئەم رۆمانە لەم سایتە وەرگیراوە:

http://www.4shared.com/get/sUCekDss/___.html